www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani
www.3n1m.blogspot.com



# گۆڤاری

# زامەکانی بێ دایکی!!



ڕەشەمەی 2709

## ئەخیر ژمارە

### وتارەکانی ئەم ئەخیر ژمارەیە

- سەر وتار
- تعصب" بە چ مانایەکە و ئایا تەعەسوب هەمیشە خراپە؟!
- جیاوازیەکانی کوردستان و باقی جیهان لە چیدان؟
- لە دێمۆکڕاسی و پلۆڕالیزمی ڕاستەقینەدا قین (کینە) هیچ جێگایەکی نیە، ڕای هەمو کەس جێگای ڕێزە، یا جێگای ڕەخنەیە، بە بێ ئەوەی ڕقی لێ هەڵبگرین!
- کورد بە ڕەواڵی ئێستا بڕواتە پێش، هیچکارێکیش نەکات هەر خزمەتی بە ئێرانچیەتی کردووە، بەڵام بۆ خزمەت بە کوردستانیگەریەتی پێویستە هەنگاو و ئاڵوگۆڕ و نوێگەری پێک بێنین!
- ئەی فیدڕالیزم لە خزمەت کێدایە و کێ ئەبێ سوور بێت لەسەری؟
- کاراکتەرە شازەکان لە کولتور و کەلەپورە نوێخوازەکاندا
- ئێمەی لاشە خۆر، حەیوان ئەکوژین و ئەیخۆین و شەڕی چۆن کوشتنەکەی دەکەین!!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# سەروتار

سەرەتای مانگی یەکی زایینی ئەمساڵ بیرم لێ کردەوە کە مادام من هەر وا خەریکی نووسین بم، بۆ ئەوەی وتارەکان پرژ و بڵاو نەبنەوە، ئەمجار لە تویێ گۆڤارێکدا و مانگانە بڵاویان بکەمەوە. بڕیارەکەم سەری گرت و ئێستا سێهەمین ژمارەی گۆڤاری "زامەکانی بێ دایکی!!" لە بەر دەستاندایە. کات نووسینی ئەم ژمارەیە زانیم کە لە مانگەکانی داهاتوودا ئاڵ و گۆڕ لە کار و بارم دروست دەبن و بەم بۆنەوە ئیتر ناتوانم گۆڤار دەر بکەم و وێڕای داوای لێبوردن لە هەمووان پێتان ڕادەگەیەنم کە ئەمەی بەر دەستتان ئەخیر ژمارەی ئەم گۆڤارە دەبێت، بەڵام لە نووسینی وتار ڕەنگە بە پێی کات بەردەوام بم. هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارانە کۆمەڵێک شتیشم بۆ دەرکەوتن کە حەز دەکەم لەم سەروتارەدا ئەوەندەی لە بیرم بن باسیان بکەم بۆ ئەوەی کە ئەمە بمێنێت بۆ داهاتوو! کوردستان دەوڵەتی نیە و هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بوونی هەندێک لەو گرفتانەی کە بە تەمام لێرەدا باسیان لێوە بکەم.

کاتێک نەتەوەیەک دەوڵەتێکی دڵسۆزی خۆیی نەبێت کە ئەو دەوڵەتە وەزارەتگەلێک بۆ پێشخستنی نەتەوەکەی خۆی پێک بێنێت بۆ ڕێزگرتن و یارمەتی و پشتگیری لاوان، هونەرمەندان، وەرزشوانان، نووسەران، شاعیران، ئەدیبان، زماننناسان و پسپۆڕان و شارەزایان و بە گشتی بۆ هەمو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریەکان و هیدیکە و هەموو ئەمانە بۆ ڕێگادان بە نەوەی داهاتوو بۆ پێشکەوتن و نوێکاری و زۆر شتی دیکەش کە دەکرێت باسیان لێوە بکەین، هەموو ئەمانە لە نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دڵسۆز پەکیان دەکەوێتەوە و ئەمانە بێ خاوەن دەمێنن و لە ئاکامدا کولتور و فەرهەنگی کۆمەڵگا ناجوڵێت و ئەمەش ئەبێتە هۆکاری گەشە نەکردنی کۆمەڵگا و هەر ئەوەی کە داگیرکەران ئاواتی بۆ ئەخوازن، واتە پێش نەکەوتن و مانەوە لە زەلکاوی دواکەوتوویی ئێمەی نەتەوەی داگیرکراو و بندەستە! لەم حاڵەتەدا کە دەوڵەت نیە و کۆمەڵگاش کە وەک موتوڕی ماشین کە گازی دەدەیت و بەنزینی پێ دەگات و داوای دەندەی خێراتر دەکات، کۆمەڵگاش داوای چوونە پێشەوە دەکات، بەڵام دەوڵەتی نیە، لە ئاکامدا هەر کەسە و هەڵدەستێت و بە سەلیقەی خۆی و بە دڵسۆزی خۆی هەندێک لەم کارانە لە ئەستۆی خۆی ئەگرێت، بەڵام لەگەڵ دڵسۆزانە بوونی کارەکان، هیچکامیان نابنە کارێکی حیرفەیی و ڕێک و پێک. بۆ نمونە لە باری کۆکردنەوەی شیعر و وتارە پرژ و بڵاوەکانی نووسەران و شاعیران و ئەدیبانی پێشوومان کە زۆریان تیاچوون بە داخەوە، ئەگەر دەوڵەتمان هەبوویایە و وەزارەتەکان بۆ ئەو ئەرکانە دابمەزرێنێت و حەقدەست بدات بەو کارمەندانەی کە دابین دەکرێن بۆ ئەو ئەرکانە، ئیتر ئەوە دەبێتە ئەرک و کاری ڕۆژانەیان و پێویستە کارەکەیان هەم بە دڵسۆزانە و هەمیش بە شێوەی کارناسانە و پسپۆڕانە بەرنە پێش و ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە کە بوونی هەبێت هاوکات پشتگیری نەوەی حازر بکات، بۆ ئەوەی لانیکەم ئەوانەی ئێستا بتوانن لە ئەوپەڕی ئارامش و ئاسایشدا بیر و هزرەکانیان بنووسنەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد لە بونی وەها دەوڵەتێک بێ بەشین و لەم حاڵەتەدا، هەر وەک ئێستا لە ئێمە و مانان قەوماوە، ئیتر نە کارەکان کارناسانەن و نە هەموو کارەکان جێ بە جێ کراوون و دەکرێن. لە کوردەواریدا پەندی پێشینیانمان زۆرن و ئەوانیش هەر تووش ئەم گرفتەن و پێویستە کەسانێک کۆیان بکەنەوە بۆ ئەوی تیا نەچن. پێشینیانی کورد وتویانە، ئەگەر لە گوندێک مەلا لە ماڵ نەبێت، ئەوا کەڵەشێر ئەبێتە بلقاسم! ئێستا ئەمە لە کۆمەڵگای کوردەواری ڕویداوە و کە دەوڵەت بوونی نەبێت، ئەوا حیزبەکان و بگرە کەسایەتیە تاکەکان، هەر کامە و بە سەلیقەی خۆیان و بە پێی تێڕوانینە حیزبییەکەیان و بە پێی بەرژەوەندیە حیزبی و یا تاکە کەسیەکانیانەوە، خۆیان لە زۆر شت هەڵئەقورتێنن، کە هەر وەک وتم، لایەکی ئەرکەکان دایمە ئەشەلن. لە بابەت ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە هیچیان ناتوانن ئیدیعا بکەن کە بە تاقی تەنیا جێگای دەوڵەت پڕ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی حیزب نوێنەری بەشێکی کەم لە کۆمەڵگایە و بەڵام دەوڵەت بەرپرسی هەموو کۆمەڵگایە و تاکەکانیش کە مەعلوومە تەنیا نوێنەری خۆیانن و بەس، وەک من کە تەنیا نوێنەری خۆمم!
من کە ئەم شتانە دەڵێم بە گوێێ هیچ حیزبێک خۆش نین و زۆر سروشتییشە کە وا بێت، بەڵام لێرەدا ئەو حیزبە ئەتوانێت ئیدعا بکات کە ئەو دڵسۆزی نەتەوەکەیەتی کە ئەم قسانە وەربگرێت و قین لە بێژەرەکەی یا نووسەرەکەی هەڵنەگرێت و من هەر لەم گۆڤارەدا وتارێکم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە بە ناوی " *لە دێمۆکراسی و پلۆڕالیزمی ڕاستەقینەدا قین (کینە) هیچ جێگایەکی نیە، ڕای هەمو کەس جێگای ڕێزە یا جێگای ڕەخنەیە، بە بێ ئەوەی ڕقی لێ هەڵبگرین!* " کە هیوادارم سودمەندبێت!
نووسەران و شاعیران و بە گشتیی ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی ئەندامی حیزبەکانن، پێویستە ئەو کەلێنانەی بێ دەوڵەتی لە پێش هەموو کەسەوە ببینن و لەسەری و بۆ وەدیهاتنی دەوڵەتی کوردستان بنووسن و کار بکەن و زانیاری بە خەڵک بگەیینن. ئەوە ڕاستە کە ئەگەر ئەندامی حیزبێک نەبیت، سبەینێ نانیشت ڕەنگە دەست نەکەوێت بیخۆیت، بەڵام خۆ بڕیار نیە کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەلی کوردستان هەر وا بێ دەوڵەت بێت و کەسانێک هەر وا سامانەکانی کوردستان بفرۆشن و بیخۆن و کورد ناتوانێت ئیتر لەم سەدەیەدا هەر وەک دەورانی فیئۆدالی بژین و خەڵک لە هەژاریدا بە سەر بەرن و پێم وانیە ئەوەش تا سەر بێت و یەکێک لە گرنگیەکانی دەوڵەت ئەوە دەبێت کە سبەی دەبێت لە گەندەڵی بکۆڵێتەوە و لە دادگایەکی نەتەوەییدا لێپرسینەوەیەک هەبێت، هەر وەک پێشتر لە هەمو وڵاتانی جیهان ئەزمون کراوە و دڵنیام کە ئەگەر تەمەن ئیزن بدات، ئێمەیش بەو ڕۆژە هەر دەگەین و ئەبێت بگەین!!

باسێکی دیکە بابەتی "تعصب"ە کە کەسانێک پێیان وایە کە من پێداگری لە سەر پێک هاتنی دەوڵەت دەکەم، مرۆڤێکی کەلە ویشکی ناحاڵیم کە تەنیا ئەوەندە ئەبینم کە دەیان نووسم و ئەوە لە حاڵێکدا کە من ئێستا سەر بە هیچ حیزبێک و سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژییەک نیم و ئەو کەسانە بۆخۆیان حیزبێک یا ئایدیۆلۆژییەک ئەپەرەستن و من بە مووتەعەسب دەزانن و خۆیان پێ مرۆڤیی ئازاد و کراوە و ناموتەعەسیبە! بۆ ئاگاداری ئەو بەڕێزانە من وتارێکم لەم ژمارەیەدا بە ناوی "تعصب" نووسیوە و لەوێ باسی کۆمەڵێک مرۆڤم کردووە کە ڕەنگە بتوانێت یارمەتی دەر بێت. وەک وتم من ئێستا سەر بە هیچ ڕێکخراوێک یا ئایدیۆلۆژییەک نیم، بەڵکو مرۆڤێکی ئازادیخواز و بڕێکیش مرۆڤدۆست یا هومانیستم و باوەڕم بە جیهان وەتەن هەیە و پێم وایە کە هەموومان مرۆڤین و خەڵکی جیهانین. بەڵام من بە ڕەگەز هەر وەک دایک و باوک و خوشک و برا و کەس و کارم، کوردم و ئازادیخواز و پاش دوو دەیە سیاسەت پێم وایە کە گەلی کوردستان وەک مرۆڤ مافی چارەی خۆ نووسین و بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیانیان لە ناو وڵاتی خۆیاندا هەیە و مرۆڤ تەنیا بە سەربەخۆیی سیاسی و ئیقلیمی و جوغرافیایی و ئەمانە ئازاد ئەبێت، جا ئەوجار کە ئەگەر مەرزەکان وردە وردە سڕانەوە و جیهان بوو بە تاقە یەک وڵات، ئەوجار کوردیش کارتی بەرانبەری بە قەدەر وڵاتانی دیکە پێیە و هەموو پێکەوە مەرزەکان ئەسڕینەوە، بەڵام تا ئەو ئارەزووە پێ دەگات، هێشتا ڕێگای دوورمان لە پێشە و تا ئەوە دەگات، کورد وەک مرۆڤ نابێت لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەی دیکەدا بژی و ئەوە بە کۆیلایەتی دەزانم، لەم ڕوانگانەوەیە کە من سەربەخۆیی خوازم و وەک مهاتما گاندی کە باوەڕی بە یەک ڕاستیی "حقیقت" بوو، کە ئێمەیش مرۆڤین و ئازادی و سەربەخۆیی مافی هەمووانە، منیش ئەو ڕاستیەم قەبوڵە و پشتیوانی لە سەربەخۆیی نە تەنیا کورد، بەڵکو هەمو نەتەوە و مرۆڤێک لەم جیهانە دەکەم، هەر لە کوردەوە بگرە تا تامیل و ئیرلەند و باسک و بەلوچ و ئازەری و هیدیکە و خۆم بە دوژمنی هیچ نەتەوەیەکیش نازانم، ئەگەریش نەتەوەی داگیر کەر بە باشی ئەکوتم، ئەوە کارنامەی خۆیان ئەوە ئەخوازێت و لە ڕوی ڕق لێ بوونەوە نیە، بەڵکو زوڵم و زۆرێکە کە ئەوان بەرانبەر بە نەتەوە بندەستەکان و لەوانە گەلی کوردستان لە ڕابردودا کردویانە و ئێستاش دەیکەن! نووسەر ئەیووب ڕەحمانی / 10ی ڕەشەمەی 2709

ئێستاش فەرموون لەگەڵ سێهەمین و ئەخیر ژمارەی سەربەخۆترین گۆڤاری کوردستان و جیهان بەو هیوای بە سوود بێت!!

## "تعصب" بە چ مانایەکە و ئایا تەعەسوب هەمیشە خراپە؟

پێم باشە لەم باسەدا بۆ وەبیر هێنانەوە، چەند نموونەی مرۆڤی موتەعەسیب لە جیهان باس بکەم کە چلۆن تەعەسووبەکەیان بۆتە هۆی قازانج و بەرژەوەندی گەل و ڕەسەن و ڕەگەز و وڵاتەکەیان و تەنانەت بۆتە هۆی پەرە سەندنی ئازادی مرۆڤایەتی و ئەو ئازادی و دیمۆکراسیەش کە ئەمڕۆ بوونیان هەیە، بەشێکی زۆری بە هۆی یاخیگەری و تەعەسووبات و تەنانەت "ناواقیعگەرایی" ئەمان لەو سەردەمەی خۆیاندا بووە، ئەوان لە سەردەمی خۆیاندا واقیعی مەوجودیان قەبووڵ نەبووە و ناواقیعگەرا بوون، بەڵام پاش خەباتی ئەوان دەرکەوتووە کە حەقیقەتە سەپاوەکە، ڕاست نەبووە و نەک ناواقیعگەرایی ئەوان!! دیارە ئاوا بە کتوپڕ باس کردن لە وەها بابەتێک هەندێک قورسە، بۆیە هەوڵ ئەدەم پەنا بەرمە بەر نموونەگەلێکی ڕاستەقینە، کە لە ڕابردوو و بە تایبەت لە سەدەی پێشوو واتە بیستمدا ڕوویان داوە و زۆر کەسیش لە مەڕ چەند و چۆنی ڕوودانیان بەشی خۆی زانیاری هەیە! دیارە لێرەدا ئەمەوێت تەعەسوبی چاک و خراپ، ماقوڵ و ناماقوڵ، توندوتیژ و ناتوند و تیژ لێک جیا بکەمەوە و بە تەمام بڵێم کە تەعەسوب ئەتوانێت هەم باش بێت و هەم خراپ و لە کۆتاییدا و ناو بە ناو لە ناو وتارەکەدا، لە هەر کوێ پێویست بکات و بە باشی بزانم، بەو ئاکامە بگەم کە بۆ گەلی کوردستان کام جۆر لە تەعەسوب ئەتوانێت ڕزگاری بەخش بێت و کامە زەرەر خەرا!! وەک تێبینی تەنیا ئەوەندە بڵێم کە لە سەر ژیان و بە سەرهاتی ئەم کەسایەتیانە کتێب زۆر نووسراون و یا دەکرێت بنووسرێن، من تەنیا ئەوەندەی لە تاقەتی ئەم وتارەدا بگونجێت باسیان لێ دەکەم و ئەو مەجالەم نابێت کە قوڵتر و وردتر باسیان لێوە بکەم، مەگەر لە دەرفەتگەلی دیکەدا!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



1. نمونەی یەکەم لە دوکتور موحەمەد موسەدقی فارسەوە دەست پێدەکەم (ئەو کات کوردستان پاش کۆتایی شەڕی یەکەم و بڕیارە شوومەکەی لۆزان لە یەکی گەلاوێژی 1302ی هەتاوی تازە دابەش کرابوو)! موسەدق ساڵیانێکی زۆر والی پارێزگاکانی خوراسان و فارس لە ئێرانی ئەوکات بوو و پاشان لە ساڵی 1302ی هەتاوی (1924)پاش بڵاو کردنەوەی کتێبەکەی بە ناوی "حقوق پارلمانی در ایران و اروپا" بووە نوێنەری تاران لە مەجلیسی پێنجەم و شەشەم. موسەدیق دایمە و دەرهەم هەم لە کاتی والی گەریدا و هەم دواتریش ڕەخنەگرێکی جیدی دەوڵەت بوو، بۆ ئەوەی لە دژی پاوان کردنی سامانەکانی خەڵکی ئێران بوو و ئەمانەش هەموو لە دڵسۆزی ئەوەوە سەرچاوەیان دەگرت. ساڵی 1330 تا 1332ی هەتاوی پاش تێرۆر کرانی وەزیرێکی ڕەزاشا بە ناوی عەبدوالحسینی هەژیر بە دەست "جمعیت فدائیان اسلام"، بوو بە سەرۆک وەزیری ئێران کە دواتر بە مێعمار و باوکی نەتەوەیی کردنەوەی نەوتی ئێران ناسرا. ئەو کات دەوڵەتی بریتانیا بە ئاشکرا دەستی لە ناو کار و باری ئێران و نەوت هەبوو و موسەدیق ئەیگووت: "ئەگەر ژیان هاوڕا و هاوکات نەبێت لەگەڵ سەربەخۆیی و ئازادی، ئەو ژیانە بە قەدەر پەشیزێک نرخی نیە"! ناوبراو هەوڵێکی زۆری دا و دڵسۆزی و تەعەسوبێکی بێ ئەندازەی لەمەڕ بە نەتەوەیی کردنی نەوتی ئێران لە کاتی سەرۆک وەزیری خۆیدا لە خۆی نیشان دەدا و هەمو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە کڕین و فرۆشتنی نەوت، ئەو سامانە نەتەوەییەی ئێرانی ئەوکات کە نەوتی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی کوردستانیشی لە خۆ دەگرت، لە ژێر چنگی بنەماڵەی پەهلەوی و بریتانیا دەر بهاوێژێت و بیهێنێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت. موسەدیق تەعەسوبێکی زۆری خستە پێناو ئەو ئەرکە و بە هۆی ئەوەی کە هەنگاوێکی بە جێگە بوو، خەڵکی ئێرانی ئەوکات پشتیوانیان لێی کرد و ناوبراو پاش خەباتێکی زۆر لەو پێناوەدا سەرکەوت! پاش دڵسۆزیەکانی موسەدیق نەوتی ئێران لە ژێر چنگی شا و بریتانیا تا ئەندازەیەکی زۆر هاتە دەر و ئەوجار بنەماڵەی پەهلەوی تەنیا دەیانتوانی پارەی کۆمیسیۆنی نەوت بخۆن، هەر ئەوەی کە ئێستاکەش دار و دەستەی خامەنەیی و ئەحمەدینەژاد دەیخۆن. دواتر ئەگەر چی پاش کودەتای 28ی گەلاوێژی 1332ی هەتاوی، (19.08.1953) موسەدیق گیرا و پاشان دادگایی و 3 ساڵ حوکمی حەپسی درایە و پاش سێ ساڵەکە تەبعید و ماڵنشین کرا، بەڵام ئەو جوڵانەوەی کە ئەو بۆ نەتەوەیی کردنی نەوت پێکی هێنابوو و خەڵکی وشیار کردبووەوە، بە سەرکەوتن گەیشتبوو و ئیتر ڕەزاشا نەیدەتوانی هەڵی وەشێنێتەوە. بەڵی تەعەسوب توانی سامانی وڵاتێک لە تاڵان کران ڕزگار بکات، ئەگەر چی لەو ناوەدا تا ئێستاش پاش پەنجا و شەش ساڵ هیچ بە خەڵکی کوردستان نەگەییوە و بگرە ئەوان سەرکوت و کۆمەڵکوژیش کراون! هەر لێرەدا ئەو پرسیارەش دێتە زەینم، کە ئایا نەوتی کوردستان پێویستی بە نەتەوەیی کردنەوە نیە و ئەبێت هەروا کەسانێک بۆخۆیانی بفرۆشن و لە پاوانی خۆیاندا بێت؟ ئایا دادگایەکی نەتەوەیی کوردی پێویست نیە، بۆ ئەوەی لێپرسینەوە هەبێت؟ بەڵی زۆر پێویستە هەر بۆیە کورد پێویستی بە دەوڵەتە!



2. بۆ نمونەی دووهەم دەتوانین باسی بەڕێز مافپارێز مهاتما گاندی بکەین، کە خۆی پێغەمبەرێکی ئاشتیی بوو و تا بە ئەمڕۆش لە هەموو جیهان خەڵکانێک شوێن ڕێگاکەیان گرتووە. گاندی تەعەسوبی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆی هەبوو، هەر بۆیە بەو ئاکامە گەیشت کە وڵاتەکەی شایانی ئازادی و سەربەخۆییە، ماتڵی کەس نەما و بۆ خۆی کەوتە تەقەلا و چالاک بووە لە دژی داگیرکەرانی ئیستیعمارگەری بریتانیا و خەباتێکی بۆ سەربەخۆیی دەست پێ کرد و بە بێ ئەوەی تاقە فیشەکێک بتەقێنێت، بە تاقی تەنیا و لەبەر ئەو تەعەسوب و دڵسۆزییەی کە بۆ نەتەوەکەی و وڵاتەکەی هەیبوو، گەلانی هیندوستانی شوێن کەوت و پاشانیش ئەوەی حیزب و ڕێکخراو و سیاسەتمەدار بوون لە دەوری کۆبوونەوە و پاش ماوەیەکی کورت بوو بە کاریزمایەکی جێگای باوەڕ، بۆ ئەوەی نە بە شوێن حیزبایەتی کردن و کورسی و دەسەڵاتەوە بوو و نە لە مافی سەربەخۆیی بۆ گەلەکەی کەمتری دەویست. بەمجۆرە دوو وڵاتی هیند و پاکستانی لە ژێر سەیتەرە و کۆلۆنیالیزمی بریتانیا دەر هێنا و هەر دووکیان بە سەربەخۆیی گەیشتن. مهاتما گاندی گەورەترین ئاوات و تەعەسوبی ئەوە بوو کە گەلانی هیند و پاکستان، کە ئەو کات یەک وڵات و لە ژێر کۆلۆنی بریتانیادا بوون، بە ئازادی و بە سەربەخۆیی لە ناو یەک وڵاتدا بژین، بەڵام کاتێک زانی کە ئەو دوو نەتەوانە بە هۆی کێشەی نەتەوەیی و ئاینییەوە ناتوانن پێکەوە بسازێن و پێکەوە هەڵکەن، ئەویش دەنگی بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جیابوونەوەیان لە یەکتری دا و ڕازی بوو بەوەی کە وەک دوو وڵاتی ئازاد و سەربەخۆ لە پاڵ یەکدا بژین، لێرە ناچمە ناو ئەو باسەی کە هیند و پاکستان دواتر وڵاتی دیکەیشیان لێ جیابوونەوە. گاندی سەرکەوت و ئەمڕۆکە وڵاتی هێندوستان بە گەورەترین دێمۆکڕاسی جیهان لە باری حەشیمەتەوە دەناسرێت و هەم هێندوستان و هەم پاکستان دوو وڵاتی خاوەن چەک و جبەخانە و کەرەستەی ناوەکین و دوو هێزی ئەتومین، کە ئێرانیەکان دەیان ساڵە ئاواتی بۆ ئەخوازن. هەموو ئەمانە تەنیا بۆ ئەوە مسوەگەر بوون کە کەسێک هەبوو کە تەعەسووب بۆ ئەو وڵاتە پیشان بدات و تەعەسوبەکەش بۆ سەربەخۆیی وڵات و نەتەوە بوو، نەک بۆ حیزبێک یا مەبدەئێک یا ئایدیۆلۆژی و ئایینێک، یا کەسایەتی و کاریزمایەک. هەر بۆیە جیهانیش پشتیوانی لێ کرد و بیرۆکەی ئاشتیی و سەربەخۆییخوازی گاندی لە ساڵی 1947 بە سەرکەوتن گەیشت!!

ڕەنگە کەسانێک پێیان وابێت کە گاندی مرۆڤێکی زۆر سەیر و عەجایب زیرەک و حیرفەیی و سیاسەتمەدار و .. و بەو پێیەش کەڵەکباز بووبێت. بەڵام گاندی دیارە وەک مافپارێزێک کە مافی خوێندبوو زیرەک بوو بەڵام ئەبەدەن کۆمپلێکس (پیچیدە) نەبوو، بە پێچەوانە خاوەنی ساکارترین مەبدء بوو. پلانی ئەو بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی تێئۆریایەکی سەیر و عەجایەب و هێزێکی سەربازی پڕ چەک و چۆڵ و یا پێک هێنانی کۆمەڵێک حیزب و دار و دەستەی چەکداری نەبوو، بەڵکو هەمو بیر و باوەڕە سیاسیەکەی بە ساکاری ئەم تێئۆریە بوو: ساتیاگراها (Satyagraha) بە! بە واتای ئەمەی کە بە قاییمی باوەڕت بە ڕاستی (حقیقت) هەبێت و ڕاستیش لای گاندی ئەوە بوو کە ئێمە هەموومان مرۆڤین و ئازاد لە دایک بووین و بە ئازادی ئەبێت بژین و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان ئەبێت لە دەست خۆماندا بێت. لە پاڵ ئەودا ئاهیمسا (Ahimsa) بە، واتە باوەڕت بە ناتوند و تیژی هەبێت و بۆ وەرگرتنی مافی خۆت، لە توند و تیژی کەڵک وەرمەگرە و ئەم دوو دانەش لە پاڵ داخوازییەکی ئەخلاقی سواراج (swaraj) کە هەم بە شێوەی کەسێتی (فردی) واتە شەخسێکی بە ئەخلاق و هەم بە شێوەی سیاسیەکەی کە دەکاتە کۆنتڕۆڵ بە سەر خۆتدا و لە دەستدا بوونی چارەی خۆ نووسین مانا دەکرێتەوە. ئەمە هەمو پلانی ئەو مرۆڤە بوو بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی، کە بە کورتی دەکاتە مرۆڤێکی موئەدەب کە لە دژی توند و تیژیە و خۆی کۆنتڕۆڵ دەکات و بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و لە ژێر کارتێکەری هیچکەسدا نیە، واتە هەر خۆی وەک تاکە کەس زاتەن سەربەخۆیە و مورید و فالانژی کەس نیە! کەواتە گاندی کاری بە سەر باوەڕی کەسەوە نەدابوو و هیچ ئایدیۆلۆژیایەکیشی بە چەپ و ڕاست و ئایینییەوە ئاوێتەی پلانی خۆی نەکردبوو و نە سەری لە خۆی شێواندبوو و نە لە خەڵکەکەی و هەر بەو ساکاریەش سەرکەوتنی وەدەست هێنا و زیاتر لە یەک میلیارد مرۆڤی ئازاد کرد!

هەر بەو هۆیانەوە بوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2008دا ڕۆژی لە دایک بوونی گاندی کە دەکاتە 2ی ئۆکتۆبەر (1869) ی بە ڕۆژی ئاشتیی لە جیهان ناوزەد کرد و دوو ساڵە لە هەموو جیهان لەو ڕۆژەدا ڕێز لە ئاشتیی دەگیرێت. بەڕێز گاندی لە 30.01.1948ی زایینی لە شاری نیۆدێهلی ساڵێک پاش سەربەخۆیی هێند و پاکستان، لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت. گاندی مرد وەک زۆر کەسی دیکە و وەک زۆر سەرۆک حیزب و سیاسەتمەدار و میلیۆنەڕ و هیدیکە، ئەوانەی مردن ناویشیان مرد، بەڵام ناوی گاندی و ئارمانە بەرزەکەی هەتا هەتایە نامرێت و لە دڵی میلۆنان و میلیاردەها مرۆڤ ماوەتەوە و دەمێنێت! یادی بەرز و بە ڕێز بێت!



3. سێهەمین نمونە لەو مرۆڤانەی کە تەعەسوبیان هەبوو بۆ نەتەوەکەیان، دەتوانین بەڕێز مارتین لۆتەر کینگی ڕەش پێستی ئەمریکایی بهێنینەوە و بە کورتیش بووبێت باسی بەشێک لە ژیان و خەبات و هیوا و ئاواتەکانی بکەین. لۆتەرکینگ، ئەو مرۆڤەی کە ئاوات و تەعەسوبی هەبوو و هەموو ژیانی بۆ ئەو ئاواتە تەرخان کرد، کەچی بۆخۆی بە هەموو ئاواتەکانی نەگەیشت، بەڵام ڕەشپێستانی جیهانی لە کۆیلایەتی و ئاپارتاید ڕزگار کرد و جیهانیشی لە نابەرابەری سووکتر کردەوە. ڕەشەکانی وشیار کردەوە، فێری ژیریی و وریایی و یەکسانی کردن و جوڵانەوەکەی و کێشەکانیانی بە جیهانی کردەوە! ئەی وت خەون و ئاواتێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژێک ببینم کە لە جیهاندا هیچ جیاوازییەک لە بەینی ڕەش و سپی، ژن و پیاو، ئایینی و بێ ئایین و هیدیکە نەبینم و هەموان بە یەکسان بژین و کەس لەویتر زیاتر نەبێت!

لۆتەرکینگ کێ بوو؟ مرۆڤێکی ڕەش پێستی ئەمریکایی بوو کە لە 15ی یەکی 1929ی زایینی لە ئاتڵانتا لە جۆرجیا لە دایک بوو. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە زامەکانی ئاپارتاید و چەوسانەوە و نایەکسان بوون و کۆیلایەتی بە باشی هەست پێ کرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دواجار بوو بە تەرەفداری مافی شارومەندی و هاوکات بوو بە پاستۆڕێکی مەسیحی باپتیست، واتە باوەڕی وابوو کە مرۆڤەکان نابێت لە منداڵیدا تەواف بکرێن، بەڵکو کە گەورە بوون و بڕیاریان دا کە ببنە مەسیحی، جا ئەوجار ئەبێت وەک مەسیحی وەربگیرێن و تەواف بکرێن، کە خۆی لە خۆیدا و لەو سەردەمەدا باوەڕێکی جوان بوو، بۆ ئەوەی کە منداڵ کە لە دایک ئەبێت نازانێت ئایین چیە و ئەتوانێت دواتر بڕیار بدات کە چ ئایینێکیی لا پەسەندە یا ئەوەی هیچیانی لا پەسەند نیە. ئەمە بەشێکە لە ئازادیەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە لۆتەر کینگ لە سەرەتای سەدەی بیستمدا باوەڕی پێی هەبوو.

ئێستا لە حاڵی حازردا لۆتەرکینگ بە گرنگترین و گەورەترین کەسایەتی موتەعەسبی دژە ڕاسیستی و دژە چەوسانەوە کۆمەڵایەتیەکان ناسراوە بە تایبەت لە ساڵەکانی 1955 تا 1960 بە ناسراوترین وتەبێژی جوڵانەوەی مافی شارومەندی لە ئەمریکا ناسرابوو (Civil Rights Movement). لەو کاتەدا ئەو باوەڕی بە خەباتی مەدەنی لە شێوەی نافەرمانی مەدەنی بوو و ڕەش پێستانی بۆ مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەر کارەکانیان داوەت دەکرد و ببو بە جێگای متمانەی ڕەش پێستەکان لە هەموو ئەمریکا و لە جیهانیش، لە هەر کوێ کە دەنگی ئەو بە گوێی ڕەش پێستێک بگەیشتایە، خێرا دەبووە جێگای باوەڕی، بۆ ئەوەی کە لۆتەر کینگ باوەڕی بە مافی یەکسان و بەرابەر بوو بۆ هەموو مرۆڤەکان بە هەر ڕەنگی پێست و ئایین و مەبدەء و جنسییەتێک کە هەیان بێت. ناوبراو بۆخۆی دایمە لە سەفی پێشەوەی نارەزایەتیەکان و میتینگەکاندا بوو و هەر وەک گاندی، خەڵکی بەرەو ناتوند و تیژی داوەت ئەکرد و جوڵانەوەکەی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکرد، بوو بە گرنگترین و گەورەترین هێزی زەخت و فشار بۆ سەر دەوڵەتی ئەو کاتی ئەمریکا و هەر ئەوەش بوو بە هۆی لابردنی خێرای یاسای ڕەگەزپەرەستی "جیا کردنەوەی ڕەش و سپی لە نێو شوێنە گشتیەکاندا" و هەروەها مافی دەنگدان و بەشداری ڕەش پێستەکان لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەوە هێشتا سەرەتا بوو. خەباتی لۆتەرکینگ بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی 1964 خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ بەخشرا. لۆتەرکینگ کە دایمە دروشمی ناتوندوتیژی دەدا و لە دژی توند و تیژی بوو، بەڵام زۆر جار بۆخۆی کەوتە بەر هێرشی دڕندانە و توندو تیژانەی ڕاسیستە سپی پێستەکان و تەنانەت جارێکیش لە تەقینەوەی بۆمب کە بۆیان دانابوو، گیانی دەر برد و لە ساڵەکانی 1955ەوە تا 1968 زیاتر لە 30 جار گیرا و خرایە بەندیخانە و هەموو جارێک بە سەربەرزی و ورە قایمتر لە پێشوو دەهاتەدەر. بە داخەوە لۆتەرکینگ لە 4ی ئاپڕیلی 1968 لە تێنەسیی کەوتە بەر هێرشی تێرۆریستی و ئەمجارە پێکرا و لە تەمەنێکی زۆر کورتی 39 ساڵیدا گیانی فیدای ئاواتە بەرزەکانی نەتەوەی ڕەش پێستانی جیهان بۆ ئازادی و سەرفرازی و مافی چارەی خۆنووسینیان کرد. ناوی لۆتەرکینگیش بەو تەمەنە کورتەیەوە هەرگیز نامرێت و لە یادەکان ئەمێنێت و یاد و تەعەسوبی ئەو بەرزەفڕە بەرز و بەڕێز بێت!



4. چوارەمین نمونەی ئەو مرۆڤە تەعەسووب دارانەی کە توانیان لە ڕێگای وەدەست هێنانی هەنگاوێک ئازادی زیاتر تێبکۆشن و ناویان بچێتە نێو لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، بەڕێز نێڵسۆن ماندێلای ڕەش پێستی خەڵکی باشووری ئەفریقایە کە تەمەنی خۆی بۆ سەپاندنی ئازادی گەل و ڕەگەز و نەتەوەکەی و وڵاتەکەی تەرخان کردبوو و لەو پێناوەدا بیست و حەوت ساڵ لە تەمەنی خۆی لە نێو سیاچاڵەکان و بەندیخانە ترسناکەکانی نیزامی ئاپارتایدی وڵاتی ئەفریقای باشور تێپەڕاند. بەڕێز ماندێلا یازدە ساڵ لە مارتین لۆتەرکینگ بە تەمەنترە و لە 18ی حەوتی 1918 لە مڤێزۆی باشوری ئەفریقا لە بنەماڵەیەکی کۆیلەڕاگیراوی ڕەش پێست لە دایک بوو. ماندێلاش کۆیلایەتی خۆی و بنەماڵە و نەتەوە و ڕەگەزی بە هەموو هەستیی خۆی چێشتبوو و یەک لەو مرۆڤە موتەعەسیبە بەرزە فڕانە بوو کە بە بەشی خۆی نارازی بوو و باوەڕی بەو واقیعییەتە مەوجودە نەبوو کە بوونی هەبوو، بەڵکو هەمووی بە ڕاستییەکی پێچەوانە و دروست کراو دەزانی. ماندێلا نەهات بڵێت با من ڕێئالیست بم و ڕێئالیستی و بە واقیعبینی بیر بکەمەوە و سەری خۆم داخەم و بژیم و نەیگووت کە ئێمە ڕەش پێستین و جیهان و مرۆڤایەتی ئەوەتای هەبووە هەر وا بووە و ڕەش هەر ژێر دەستە بووە و سپی هەر ئاغا و باندەست و کوێخا. ماندێلا کە بە پێچەوانەی خەڵکی دیکە بیری ئەکردەوە، جوڵانەوەیەکی لە دژی ئاپارتاید و کۆیلەداری مەوجوود، هەر ئەو ڕێئاڵ و واقیعە مەوجودەی کە بوونی بوو پێک هێنا و لە هەموو ئەو نیزام و ڕێئالە مەوجودە یاخی بوو و هەر ئەو یاخیبوونەش وای لێکرد کە دەسەڵاتدارانی سپی پێست تەحەمولی نەکەن و ڕاپێچی گرتووخانەی بکەن و بیست و حەوت ساڵی تەمەنی لە گرتووخانە بەو ئاوات و هیوایە بباتە سەرەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، نە تەنیا ئەو لە گرتووخانە بەر ئەبێت، بەڵکو نەتەوەکەی لە چنگ هەمو یاسا دژی مرۆڤە ڕەشپێستەکان کۆتایی پێ دێت و ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسین ئەبێتە جێگری ئەو واقیعیەتەی کە ئەو کات بوونی هەبوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani
www.3n1m.blogspot.com

بۆیه ماندێلا و لۆتەرکینگ و لەپاڵ ئەمانیشدا بەڕێز مالکۆڵم ئێکس (Malcolm X) لە گرنگترین مرۆڤە ئازادیخوازە دژە ئاپارتایدییەکانی جیهانن!

ساڵی 1993ی زایینی ماندێلا، خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی ئەباتەوە و نیزامی ئاپارتاید شەرعیەتی خۆی لە دەست ئەدات و هەڵئەوەشێتەوە. ساڵی 1994 ماندێلا ئەبێتە یەکەم سەرۆککۆماری ڕەشپێستی باشووری ئەفریقا و هەر بەو پێیەش یەکەمین ڕەش پێست لە جیهاندا کە بە وەها پۆستێک گەییبێت.

ماندێلاش هەر وەک گاندی مافی خوێندبوو و ئەویش پارێزەری ماف بوو، بۆیە زۆر بە ڕوونی دەیزانی کە ئەوەی سپی پێستەکان و دەسەڵاتداران بە سەر ڕەشپێستەکانیدا دێنن، ڕاست نیە و دەستکردە و با زۆرینەی کۆمەڵگاش وەک ڕێئاڵ قەبوڵیان کردبێت، بەڵام ئەو بە ڕاستی نەدەزانی و خەباتی لە دژی دەستپێکرد. ئەو وەک ماڤناسێک دەیزانی کە هەموو مرۆڤن و لە ناو مرۆڤانیشدا ماف و ئازادیەکان یەکسانن، جا ئێستا ئەو مرۆڤانە ڕەنگی پێستیان جیاوز بێت یا ئایینان یا خۆ هەژار و دەوڵەمەند بن، گەوهەری مرۆیی کەم و زیاد نابێتەوە و مرۆڤ هەر مرۆڤە و مادام (A)ی سپی یەکسان بێت لە گەڵ (A)ی ڕەش، ئیتر ئاکان هەر ڕەنگێک بن، هیچ لە ئا بوونی کەم و زیاد ناکاتەوە و ئا هەر ئایە، چ ڕەش بێت و چ سپی و مرۆڤیش هەر مرۆڤە، چ مرۆڤی سپی بێت و چ ڕەش، چ دارا بێت و چ نەدار هەموو هەر مرۆڤن و یەکسانن.

ئێستاش بە وانە وەرگرتن لەو (A)ئایانەی کە باسم کردن، من دەڵێم لە هەمو جیهان تەنیا چەند نەتەوەیەک هەن کە سەربەخۆ نین و ئازاد نین کە لە ناویاندا گەورەترین گەل یا نەتەوەی بێ دەوڵەت، گەلی کوردستانە. کورد ئەمڕۆکە بە زیاتر لە چل میلیۆن شیمانە ئەکرێت و هێشتا دەوڵەتی نیە. هێشتا ژێر موستەعمەرەیە، هێشتا سەربەخۆ نیە، هێشتا چارەنووسی لە دەست خۆیدا نیە، هێشتا و هێشتا و هێشتاکانیترا ئەمانە هەموو لە کاتێکدا کە حیزبە کوردیەکان شوێن دروشمگەلێک کەوتوون کە هیچ قورساییەک لە سەر شانی ئەو گەلە کەم ناکەنەوە هیچ، سەریشیان لەو خەڵکە شێواندووە. سی ساڵە حیزبەکان یا بیر لە سوسیالیزم و کومونیزم دەکەنەوە، یا بیر لە حکومەتی ئیسلامی کوردستان و یا بیر لە خودموختاری و لەم ئاخرانەشدا کەوتوونەتە دوای دروشمی فیدراڵی لە چوار چێوەی ئێراندا. کە پاساویش دێننەوە دەڵێن کە ئێمە ڕێئالیستین، واقعییەتەکانی ئێستا ئاوان و ئێمەش بە پێی سیاسەتی ڕێئالیستی کار دەکەین! ئێوەی خوێنەر تەنیا لەوەندە بیر بکەنەوە کە ئەگەر گاندی و ماندێلاش بیانوتایە با واقیعبین بین و ئەمەی ئێمە دەیکەین یاخیگەریە و لە سونەت و عورف و عادەت و واقیع دوورن، ئایا ئەمڕۆ ئاپارتاید و کۆلۆنیالیزم، بۆخۆیان لە ناو چووبون؟ بە دڵنیاییەوە نا و ئێمەی کوردیش پێویستە یاخی بین لەو ڕێئاڵە دەستکردەی کە ئێستا بە سەر کورددا حاکمە و کورد بە مرۆڤێکی تەواو و کەماڵ نازانێت کە خۆی حکومەتی ببێت. گاندی و ماندێلا چەکیان هەڵنەگرت و منیش پێم وانیە مەبەستم ئەوە بێت کە ئێمەی کورد بە چەک یاخی ببین، چونکو ئێمە چەکمان بە سەردا سەپا و تاقیمان کردەوە و هێزی بەرگری پێشمەرگەمان پێک هێنا و تەنیا لە ئامانج دورتر کەوتینەوە، کەواتە با ئەمجارە چەکەکانمان ڕاگرین و هێمن بین و یاخی، ناتوند و تیژ بین و یاخی و سوور بین لەسەر مافەکانمان! ئەگەر لە من دەپرسن، من بە پێی ئەو ئەزموونانەی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوومە، خەڵکی جیهان بەو ئاکامە گەییون کە کورد وەک گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی جیهان ئەبێت دەوڵەت پێک بێنێت و هاوکات خەڵکی کوردستانیش هەر ئەوەیان دەوێت و بە بەشداری نەکردنەکانیان لە جووڵانەوەی سەوزی ئەم دواییانەیان و بەرگری سی ساڵەیان و بەشدار نەکردنیان لە شانۆگەریەکانی هەڵبژاردن و بەشداری نەکردنیان لە ناڕەزایەتی ئەم دووایيانەی بیست و دووی ڕێبەندان و بە گشتی لە سی ساڵی ڕابردودا سەلماندوویانە کە خۆیان بە جیاواز لە ئێران و لە فارسستان ئەزانن، بەڵام کێشەکە بە داخەوە حیزبەکانن، کە هەم لە داخوازیەکانی خەڵک دور کەوتونەتەوە و هەم لەگەڵ پێشکەوتنی سیاسەتی جیهانی و گلۆبالیزمدا پێش نەکەوتوون و تازە دروشمێک دەدەن کە دەبوو بیست ساڵ و سی ساڵ پێش ئێستا بیاندابایە. کەواتە گەلینە ئەبێت ئەمڕۆ ئێمە ڕێئاڵ دروست بکەین، ئەبێت ئاڵ و گۆڕ پێک بێنین، ئەبێت یەکگرین و واز لە پەرتەوازەیی و ئیسم و میسمەکان بێنین و هەمو یەکگرتووانە دروشمی سەربەخۆیی بکەینە قسە و باس و خواستی ڕۆژ و لە کەس ترسمان نەبێت کە پێمان بڵێن جیابوونەوەخواز یا تەنانەت پێمان بڵێن تێرۆریست! مادام ئێمە وەک گاندی باوەڕمان بە ساتیاگراها بێت، واتە ڕاستیی (حقیقت) بناسین و ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە ئێمەش مرۆڤین و لە بنەڕەتەوە ئازادین و سەربەخۆیی مافی خۆمانە، ئەگەر دەمان هەوێت ئازاد و سەربەخۆ بین، ئەبێت هەوڵی بۆ بدەین و ئەویش یەکگرتووانە و یەکدەنگ و یەک بەڵێن. کە واتە پێویستە هەمووەمان بێینە مەیدان!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



5. **ئەخیر کەسایەتی دڵسۆز و موتەعەسب بۆ وڵات و نەتەوەکەی کە پێم باشە لەم وتارەدا باسی لێوە بکەم، پێشەوا قازی محەمەدی کوردە کە ناوەکەی بۆ کورد ناسراوە بەڵام بە داخەوە ڕێگاکەی ون بووە یا با بڵەین ئەمڕۆکە بە داخەوە ڕێگاکەی زۆر کەم ڕێبوارە! پێشەوا لە ڕووی ئەو دڵسۆزی و تەعەسووبەیەوە کە بۆ گەل و نیشتیمانەکەی هەیبوو و بە چوونە پای داری سێدارە سەلماندی کە دڵسۆزە و تەنیا گەل و نەتەوە و نیشتیمانەکەی بۆی گرنگە و نەک کورسی و دەسەڵات و پلە و پایە، ئەچێتە ڕیزی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی دیکەی کە لە سەرەوە باسم لێکردن و دەبوو خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل یا خەڵاتگەلێکی دیکەی لەو چەشنەی پێ ببەخشرایە و پاشانیش ناوی کورد و کێشە و گرفتی گەلی کوردستان کە بە هۆی داگیرکرانی نیشتیمانەکەیانەوە تووشی بوون بە جیهانی بکرایەتەوە. بەڵام ڕێک بۆ ئەو مەبەستەی کە کێشەی کورد بە جیهانی نەکرێتەوە و خەڵاتی نۆبێلیش، هەندێک جار خەڵاتێکی سیاسییە و لە هەر شوێنێک زلهێزەکانی جیهان بیانهەوێت کێشەیەک بە قازانجی خۆیان زەق بکەنەوە، ئەوا ئەو خەڵاتەش لەو شوێنە ئەبەخشنەوە و لە ئەساسدا کەمتر بەو کەسانەی دەدەن کە شایانی ئەو خەڵاتە بن! پێشەوا شایانی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بوو و گەلەکەیشی شایانی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بوون و ئێستاش هەن، بەڵام ئەو کات نەکرا و ئێستا ئەرکی سەر شانی ئێمەیە کە ئەو ئاڵایەی کە پێشەوا هەڵی کرد و ئەو دروشمەی کە ئەو باوەڕی پێی هەبوو، شەکاوە ڕابگرین و بە ئامانجی بگەیەنین، واتە هەموو هەوڵەکانمان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ دێمۆکراتیکی کوردستان بخەینە گەڕ. ئێمە ئەبێت هەر بە ئامانجی خۆمان بگەین و سەرشۆڕی بۆ ئەوانە ئەمێنێتەوە کە ڕێگرن لە سەر ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان. من بۆ ئەوەی کە خۆم لە دووپات کردنەوە ببوێرم، لە ئینتێرنێت کورتە ژیاننامەیەکی پێشەوام زۆر پێشتر دابەزاندووە و بە داخەوە ناوی ئامادەکارەکەی و ماڵپەڕەکەش نازانم، بەڵام بە باشی ئەزانم کە لێرە بیهێنم و بەو هیوای کە ببێتە مایەی شت لێ فێر بوون و ناسینی زیاتری ئەو کەڵە ڕێبەرە دڵسۆزەی گەلەکەمان!**

## کورتەیەك لە ژیاننامەی پێشەوای شەهید قازی مەحەممەد

لە بەرەبەیانی 10ی خاکەلێوەی ساڵی 1326ی هەتاوی (1947.3.30 زایینی) دا پێشەوا قازی, حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لە دوو دادگای ناعادلانە و فەرمایشیدا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد و داگیرکەرانی کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد, واتە هەر لەو شوێنەی کە لە 2ی ڕێبەندانی 1324هەتاوی(1946.1.22زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرابوو, لە سێدارە دران و شەهید کران و هەر ئەو ڕۆژە لە سەر شان و پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.
ڕاستە پێشەوا قازی سەرۆککۆماری کوردستان و بە دیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوە و ناسراو بوو, بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو, یا ئەگەر ناسرابووش ئەو ڕێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە, بناسرێ.
قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی, کوڕی میرزا قاسم قازییە. ڕابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵك بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش, جێگەی ڕێز و تەقدیر بوون. هەر بە بنەماڵە فازڵ و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوون. لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا پیاوی وەك میرزا فەتتاحی قازییان لە بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ دەگەڵ رووسان لێ شەهید بوو, کوڕە لاوەکانیشی (سالار و محەممەد) بە دیل گیران و بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شوێنە دوورەکانی رووسیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبر هەر لە ئەسارەت دابوون.

قازی عەلیی باوکی پێشەوا, لە 1930لە مەهاباد رێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێك هێنا. ناوبراو لەگەڵ جوولانەوەی شێخ محمد خیابانی لە تەوریز پێوەندییان هەبوو, تا ساڵی 1934یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی, دوو کوڕی هەبووە, یەکیان ابوالقاسم قازیی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەك دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیس و ئیعتیبار و نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر راسپاردەی پێشەوا, بۆ راپەڕاندنی کارە سیاسییەکان و یاریدەدانی خەڵك هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی 1900ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگەدا لەدایك بووە, هەر لە سەرەتای لاوییەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆنو تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتوەو زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبیو فارسیو کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەییو ئینگلیسیو تا رادەیەکیش رووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاویی دەگەڵ ئەهلی فەزڵ و زانایانی زەمان و پیاوچاکان و کوردانی نیشتمانپەروەر و سەرۆك عەشیرەتەکان هەبووە.

بە دوای فەوتی باوکیدا بووە بە قازیی شار. لە بەر عەلاقەی زۆری بە کاری فەرهەنگی و بەرەوژوور بردنی زانیاریی خەڵك, لە ساڵەکانی بەر لە 1941و دواتریش بۆ یەك دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتوە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا, یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. هەر لەو پێوەندییەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران, رۆشنبیرانو مامۆستاکان زۆر نزیك بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژـ ك هەبووە. لە چەند ساڵ دەورەی بێ حکوومەتییش دا واتە لە ساڵی1941وە تا 1945 کە کۆماری کوردستان پێك هاتووە, مودیرییەتی ئەو لە بەرێوەچوونی کاروبارەکان دا و بە تایبەتی لە حەللی موشکیلاتی عەشیرەتیدا نەقشی بەرچاوی هەبوو. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژـ ك مەشوەرەتیان لەگەڵ کردوە و زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ ـ ك. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری رۆژانەی خەڵك لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێگوتوە, کراونەوە.

قازی لە روانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگکرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندییەدا بووە, کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ.

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ ـ ك"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا, ئومێدێکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵك ئیجاد کرد. بەڵام هەر دوای پلانی لەنێوبردنی کۆمەڵەی (ژ - ک)، قازی محەممەد حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێکهێنا.

بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا, لە 2ی رێبەندانی 1324ی هەتاوی بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆك عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی راگەیاند.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشەوا مرۆڤێکی گەلێك بەباوەڕ، بە فەرهەنگ, بێ دەعیە, دڵساف, خۆش بەیان, ئەدەب و هونەر دۆست, ئەهلی مەشوەرەت و لە عەینی کات دا سیاسی و نیشتمانپەروەرو گەل خۆشەویست بوو, لەگەڵ هەموو چین و توێژێك جۆشی دەخوارد و لە کاتی پێویست دا لە هەستو هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی ئەوکات دا لەسەر مەسەلەی یەکیەتی و برایەتی دواوە و یەکیەتی بە مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی راگرتنی کۆمار و هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و داگیرکەرانی زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد راست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە راشکاوی رایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە ڕێگای ئاشتی بە مافی خۆی بگا, بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا. ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاویی بە شا و قەوامی راگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتوون, ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان حەل بکەن.

کاتێك پێشەوا لەلایەن "قوام السلطنه" بۆ تاران دەعوەت دەکرێو لە ڕێکەوتی 28ی ژوئەنی 1946 دەچێتە تاران, لەلایەن ژمارەیەك لە وەزیران, نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەك پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەلاڵ بێ و هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا, هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشییانەی بۆ موحاکەمە کردنیان داندرا بوو, لە خۆبردوویی و ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونیو ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهابادا بۆیان پێك هاتبوو, نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتی و ڕزگاریی لاواز نەبوو بەڵکو زۆر باوەڕ پتەوتر، جیددیتر و بەورەتر ببوون.

ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەك دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە, فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا, با نەتەوەی کورد فریو نەخوا و خەباتی خۆی بۆ رزگاریی و سەربەستیی درێژە بدا و چەك دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.

ئازایەتییان لە دادگاکان دا بە رادەیەك بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە راستیدا ئەو دادگایە ئەمریکا و ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە, بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێك لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردوە و بە قەولی سەروان شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردوە و لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".

ڕۆژنامەی "ئازادیی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پشتگیریی ئەمریکا و ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد و هاوڕێکانی‌دا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن, بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش رۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.

"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند رستەدا خولاسە دەکاتەوە و دەنووسێ: "لە کاتی مووحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەك ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"

رۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانی‌دا دەڵێ, قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهات و رووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."

لە بەڵگە و رۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون و لە زمان ئەفسەرە ئێرانی‌یەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو رووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێرپێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم دامەزرێنەری ئازادیی لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە."

کاتێك سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباریان دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرەماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە 19ی مانگی ژانویە دەستی پێکردو چەند رۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازی‌یەکانی دا, موحاکەمەی دووهەم لە 28ی مارسی 1947 واتە 7ی خاکەلێوە دەستی پێکردو رۆژی 30ی مارس کۆتایی پێهات.

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە 37 لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی راپۆرتێك لەو پێوەندی‌یەدا دەگیرێو ساڵێك دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە, هێندێك رستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.

پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە رێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوانیش بمرم, تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیی و سەربازیی وەك هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەممەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکیی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."

هەر ئەو بەجەرگی و لەخۆبردوویی‌یەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ببەستن و فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزیی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم." هەروەها فەرموویەتی: "ئێوە قازی محەممەدێك دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنۆکە خوێنێکی من قازی محەممەدێك شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو رزگاریی کوردستان دا پەك نەخات, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان".

## جیاوازیەکانی کوردستان و باقی جیهان لە چیدان؟

**بە پێی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ساڵیانیکی دوور و درێژ لە ژێر سەیتەرەی ناحەزترین دیکتاتۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ژیاون و هەنۆکەش، بێجگە لە بەشێکی بچکۆلەی ئەم وڵاتە، باقیەکەی هێشتا لە ژێر ئازار و سەیتەرەی ئاپارتایدی نەتەوایەتیدان، بەم بۆنەوە گەلی کوردستان ناچار کراون بەوەی کە دایمە و دەرهەم بەرگری لە مافە ڕەواکانی خۆی بکاتن. هەر ئەم بەرگری و ململانێیەی گەلی کوردستان لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتیمانەکەی و هاوکات دوواکەوتوویی هزری داگیرکەرەکانیش بە سەر ئەم گەلەدا، وای لێ کردوون کە بێجگە لەم چەند ساڵانەی ئاخردا نەبێت، بەڵام پێشتر بە تەواوی لە خەڵکانی جیهان و لە زانست و پێشکەوتنە ئابووری و کەرەستەیی و زانستیەکان بە تەواوی دابڕێن و لە باقیی خەڵکانی جیهان و تەنانەت لە گەلە داگیرکەرەکانیش وەدوا کەون. هۆکاری ئەم دواکەوتنە نەبوونی دەوڵەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی کوردستانە و هۆکاری پێک نەهاتنی وەها دەوڵەتێکیش، وەک وتم داگیرکەرانی تورک و فارس و عەرەبی دواکەوتوون. ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە، کوردستانیان مەجبوور نەدەبوون بە زمانی بێگانە بدوێن، بەڵکو ڕەنگە لە ڕوی پێخۆش بوونی خۆیان و دراوسێیەتییان لەگەڵیان ئەو زمانانە فێر ببونایە و هاوکات گەورەترین خزمەتییان بە زمانەکەی خۆیان و قوتابخانەی زمانی کوردی دەکرد و ئەم زمانەش ئەیتوانی ئەمڕۆکە لە جیهان وەک یەکێک لە زمانە زیندووەکانی جیهان خۆی نیشان بدات. بەڵام بە داخەوە دەبینین کە زمانی داگیرکەران تەنانەت وەها لە بەینی کوردەکاندا جێی گرتووە کە خۆیان بە دڵخوازی خۆیان قسە بە زمانە بێگانەکان دەکەن و زمانەکەی خۆیان وەلا ناوە و ئەمەش هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم، بە سەر زمانی زگماکی خۆیاندا زاڵ نین و زەحمەتە بۆیان بە زمانی زگماکی خۆیان بنوسن و بخوێننەوە و دووهەم ئەوەی کە لە ناو لانیکەم بەشێکیاندا ئەسڵەن هەستیی خۆ بە یەکسان زانینیان لە گەڵ داگیرکەران لێ سەندراوەتەوە و پێیان وایە کە زمانی خۆیان دواکەوتووانە و دێهاتیانەیە و زمانی داگیرکەرەکان کە ئەوان فێری بوون پێشکەوتووانەیە و سێهەمین هۆکاریش کە زۆرتر لە نێو سیاسیە چەپەکاندا باوە، ئەوەیە کە لە نێو حیزب و بیر و باوەڕیاندا وا فێر کراون کە زمانی خۆیان بە مەحەلی و ناوچەیی ئەزانن و زمانی داگیرکەران بە زمانێکی سەرتاسەری ئەزانن و کورد بوونی خۆیان بە ناسیۆنالیزمی ویشک پێناسە دەکەن و سەر بە نەتەوەی داگیرکەر بوون بە سەرتاسەری پێناسە دەکەن، بە داخەوە ئەم ئەقڵییەتە ئێستاش لە ناو چەپە زۆر چەپەکاندا هەر باوە!!**

**بە کورتی هەمو ئەو هۆکارانە و ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکاری فەرعی دیکەش وایان کردووە کە گەلی کوردستان لە باقی نەتەوە و دەوڵەت و خەڵکانی جیهان لە زۆر بواری زانستی و ئابوری و کەرەستە سازی و گەشەی زمان و هونەر و سینەما و شانۆ و مۆسیقا و بە کورتی زۆربەی بوارە گرنگەکان وەدوا بکەون. ئەمەش وای کردووە کە حیزبە سیاسیەکانمان بە داخەوە ئەمڕۆکە بە ئاشکرا تەسلیمی ئەو واقێعە نابەرابەرە بوون و تەنانەت هەندێک جار بە هەڵس و کەوتی واقیعبینانەی ناو دەبەن و هەندێکیان بۆ نمونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە باشوریش خۆیان لە ئێرانی و ئێراقی پێ ئێرانی تر و ئێراقی ترە و ئەمەش نە لە کردەوەدا و نە لە نەزەر و تیئۆریدا و نە لە قسە کردنیشدا ناشارنەوە، هەندێکیان شانازی و فەخریشی پێوە دەکەن، کە خۆیان و حیزبەکەیان بە ئێرانی یا ئێراقی بزانن!!**

**کەواتە گەلی کوردستان لە ئاستێکی نۆڕماڵ و سروشتیدا ناژین، بەڵکو زۆر لە خەڵکانی دیکەی جیهان لە دواتر ڕاگیراون و بۆ ئەوەی کوردستانیان وەک نەتەوەیەکی خاوەن بڕیار، خاوەن چارەنووسی خۆیان، خاوەن ئیرادە و پێشکەوتوو بژین و ئابووریان گەشە بکات و باوەڕ بە خۆ بوونیان تیا زیاد بێتەوە، پێویستە کە تەنیا لە هەوڵی سەربەخۆییدا بن. لە هەوڵی پێک هێنانی کیانێکی نەتەوەییدا بن، لە هەوڵی پێک هێنانی دەوڵەتدا بن. بە بێ بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دڵسۆز، بەرژەوەندیەکانی هیچ نەتەوەیەک ناپارێزرێت و گەشە ناکات و ئەو نەتەوەی کە خاوەن دەوڵەت نەبێت، لە هەموو جیهان بایەخی پێ نادرێت. ئەگەر ئەمان هەوێت بایەخمان پێ بدرێت،**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەبێت لە ئێستاوە لە بیری دەوڵەتدا بین، یەک ڕۆژ درەنگتر زۆر درەنگە و ئەگەر وەک فارس دەڵێن مەوقعیەت فەراهەم نییە، بۆ ئەوەیە کە فەراهەممان نەکردووە و خەتای خۆمان بووە کە لە بیریدا نەبووین و تا ئێستا تەنیا حیزبایەتیمان کردووە. کەواتە ئێستا ئەبێت ئەو جەوە فەراهەم بکەین و ئەو مەوقعییەتە بخوڵقێنین و وەک وتم، سبەی زۆر درەنگە!!

**لە دیمۆکراسی و پلۆرالیزمی ڕاستەقینەدا ڤین (کینە) هیچ جێگایەکی نیە، ڕای هەمو کەس جێگای ڕێزە یا جێگای ڕەخنەیە، بە بێ ئەوەی ڕقی لێ هەڵبگرین!**

دیمۆکراسی ئەو چەمکە مۆدێرنەیە کە هەمو کەس بە چەپ و ڕاستەوە، بە ئایینی و لائیکەوە، بە سیاسی و ناسیاسیەوە خۆیانی پێدا هەڵدەواسن و لە هەمو باس و خواستێکدا ئاماژەی پێ دەکەن. گەلێک کەس و ڕێکخراو تەنانەت وەها خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن و وەها باسی خۆیان و خوو گرتنیان و تێکەڵاوییان لە گەڵ دیمۆکراسی دەکەن، ئەنەهوو هەر چەمکەکە هەڵقوڵاوی مێشکی ئەوان بووە. ئەمڕۆکە لە هەمو جیهان دەوڵەتەکان و لە ئاستی بچووکتردا ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانیش هەر ئاڵ و گۆڕ و هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا دەکەن، لە ڕاگەیەندراوەکانیاندا ڕادەگەیەنێن کە بە پێی زیاتر لە زۆرینەی دەنگی ئەندامان ئەو کەسە هەڵبژێردرا یا خۆ ئەو مادەیە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هێنرا، کە دوای دەنگدانەکە بڕیاری جێبەجێ کرانی ئەدرێت و پێی ئەڵێن بڕیارێکی دیمۆکراتیک. دیارە تەنانەت دڕندەترین دیکتاتۆرەکان کە ئەبەدەن باوەڕیان بە دیمۆکراسی چ لە تێئۆری و چ لە کردەوەدا نیە، بەڵام هەمدیسان هەر خۆیانی پێوە هەڵ ئەکێشن. بۆ نمونە ستالین لە شوڕەوی کۆن، لە ئێراقی پێشوو سەدام حسین، لە میسر مەبارەک، لە کووبا کاسترۆ لە وێنێزۆێلا چاووز، لە ئێران کۆماری ئیسلامی و لە زۆر شوێن و وڵاتی دیکتاتۆرلێدراوی دیکە گوایە هەڵبژاردنەکانیان بە شێوەی دیمۆکراسیانە دەکەن و ئەمەش بە هەمو خەڵکانی خۆیان و بە جیهانیش ڕادەگەیەنێن. ستالین کە خۆی بە دیمۆکراسیدا هەڵواسیبوو دایمە تا مرد هەمیشە یەکەم بوو، خومەینی و پاشانیش خامەنەیی لە ئێران تا ئەمرن هەر ناگۆڕێن، بەڵام بۆ جوانکردنی نیزامەکەیان هەمو چوارساڵ جارێک شانۆیەک وەڕێ ئەخەن و سەرۆککۆمار ئەخەنە دەنگدان و لە پارلەمان هەڵبژاردن دەکەن و یا ئەگەر دور نەڕۆین ڕێفراندۆمەکەی سەدام حسینی لە گۆڕ نراو کە لە سەتا سەد دەنگی ئەهێناوە! ئەوەی کە ئەو هەڵبژاردنانە چەندە ڕاست بوون و چەندە شانۆکاری، من لە شوێنی تر باسم کردوون و هەمووشمان دەزانین چۆن بوون و بە قوڵی باس لێکردنیشیان لەم وتارەدا ناگونجێت و هەر بۆیە لێرە خۆی لێ ئەبوێرم، بەڵام پێم باشە لێرە ئەو باسە بوروژێنم کە چەمکە جۆربەجۆرەکانی دیمۆکراسی ڕاستەقینە بە چ مانایەکن و ئایا بە ڕاستی ئەو چەمکە دیمۆکراتیکانە کە وشە و دەنگەکەیان لە گوێی هەموماندا ئەزرینگێتەوە بەڕاستی ئەبێ چۆن بێت؟ ئایا لە دیمۆکرات بووندا تەنیا هەڵبژاردن لە پارلەمانەکان و کۆنگرە و کۆمیتەکان، هەر ئەوەندە بەسن یا خۆ ماناگەل و کردەوەگەلی دیکەش هەن کە بە بێ ئەوانە دیمۆکرات بوون تەنیا قسەیە و بەس!
دیمۆکراسی خۆی وشەیەکی دووانیی یونانی کۆنە و لە دوو وشەی "دیمۆ" بە مانای "خەڵک" و "کراسی" یا "کراتی" بە مانای "دەسەڵات" وەرگیراوە و بە سەر یەکەوە یانی دەسەڵاتی خەڵک و ئەگەر ئێمە بمانهەوێت مانای وشەکە جوانتر بگوونجێنین و ئەو چەمکەی خۆمان لە بەر چاومانەی لێ وەربگرین، دەڵێین دەسەڵاتی زۆرینە و زۆرینەش دایمە لە نیوا و نیو بە عەلاوی یەک پێک دێت، واتە لە سەد کەس، پەنجا و یەک کەس و بەرەوسەر زۆرینەیە. ئەمە گشتی ترین مانا و چەمکێکە کە دەتوانین لە دیمۆکراسی وەربگرین کە خۆی هەڵقوڵاوی بیری لیبێراڵیستەکانە و چەپ و سوسیالیست و کومونیستەکانیش هەر لە لیبراڵەکانیان وەرگرتووە و ئەوانیش بە هەمە جۆری ڕاستیی و شانۆ کەڵکیان لێ وەرگرتووە، کە نمونەی ستالین و چاووز و کاسترۆم لە سەرەوە هێناوە!
لە یونانی کۆن ئەم دیمۆکراسی و دەسەڵاتی خەڵکە، لە سەرەتادا تەنیا بۆ پیاوانی دەوڵەمەند و ساحەب هێز بوو و دواتر بەرینتر بووەوە و ئەوجار تەنیا بۆ پیاوان بوو و ژنان مافی هەڵبژاردن و دەنگدانیان نەبوو، کە دواتر ژنانیش ئەو مافەیان پێدرا کە دەنگ بدەن! ئەمڕۆکە ئیتر دیمۆکراسی لە جیهاندا مانایەکی گشتگیرتری بە خۆیەوە گرتووە و هەمو کەس، ژن و پیاو و بە هەر بیر و باوەڕێکەوە کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**هەبێت لە وڵاتانی دێمۆکڕات، مافیان پێدراوە کە دەنگ بدەن و ئەوجار چەمکێکی نوێ لە دێمۆکڕاسی لە دایک بووە کە پێی دەڵێن پلۆڕالیزم، بۆ ئەوەی کە ئیتر هەمو کەس بێ جیاوازی و بە هەر بیر و باوەڕێکەوە بەو شەرتەی کە تەمەنی لە 16 ساڵ یا لە هەندێک وڵات لە 18 ساڵ تێپەڕیبێت، بۆی هەبێت دەنگ بدات یا خۆ نەیدات. وەک باسی کرا دێمۆکڕاسی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمرۆ هەرگیز بێ کێشە و کەم و کووڕی نەبووە، بەڵام دایمەش لە خۆ نوێکردنەوەدا بووە و ئەمرۆکە زۆر چەمک و مانا و دەستەواژەی جۆراوجۆر دەتوانین لە دێمۆکڕاسی یا خۆ لە پلۆڕالیزم وەربگرین و هەروەها تەنیا لە دێمۆکڕاسی و پلۆڕالیزمدا ئەتوانین هەندێک مانا بە ئازادیەکان بدەین. واتە پلۆڕالیزم پێش زەمینەی ئازادیەکانە! بۆیە کاتێک یەکێک دەیەوێت قسەیەک بکات یا ڕایەکی هەیە و ئەیەوێت دەری ببڕێت یا خۆ وتارێک بڵاوبکاتەوە، ئەو کەسە پێویستی بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە و ئازادی ڕادەربڕینیش تەنیا کاتێک مسوەگەر ئەبێت کە پلۆڕالیزمێکی ڕاستەقینە حاکم بێت، ئەگینا هەر کەس باسێک بێنێتە پێش و ئازادی بڵاو کردنەوەی هەبێت، بەڵام پلۆڕالیزم نەبێت، ئەوا ئەو کەسە خێرا توش کێشە ئەبێتەوە، چوونکو بڵاوکراوەکەی بە دڵی دەسەڵات یان هەندێک کەس نەبووە. ئێمەی کورد هەر ئێستا لەگەڵ ئەم کێشە بەرەوڕوین. ئەوانەی لە دەرەوە و لە وڵاتانی دێمۆکڕاتدا ئەژین ئازادی ڕا دەربڕینیان هەیە و دەنووسن و ڕای خۆیان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام بە هۆی جیهانی بوونەوەی تۆڕی ئینتێرنێت، بڵاوکراوەکانیان لە هەموو جیهان ئەخوێندرێتەوە و دیارە لە هەموو وڵاتێک ئازادی ڕادەربڕین یا پلۆڕالیزم نیە، کەواتە ئەو نووسەرە لەو وڵاتانە یا لای ئەو کەسانەی کە تەحەمولی ڕای ئەم ناکەن و پلۆڕالیزمیان بە کردەوە قەبوڵ نیە، مانی لێ ئەگرن و قینی لێ هەڵ ئەگرن!**

**ئەگەر بمەوێت باسێکی وەزعی خۆمان لە کوردستان بکەم، زۆر باش ئەزانم کە بە دڵی حیزبەکان نابێت! بەڵام بۆ جێ خستنی پلۆڕالیزم ئەوە گرنگ نیە کە حیزبەکان یا هەندێک لە کەسایەتیەکان ئەم وتانەی منیان بە دڵە یا بە دڵیان نیە، قینم لێ هەڵدەگرن یا خۆ هەڕەشە و تیر و توانجم بۆ دەنێرن، گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەوان ئەم پلۆڕالیزمە قەبوڵ دەکەن یا نا؟ پرسیار ئەوەیە کە لە کوردستان کە هەر کامە و بۆخۆیان بیر و باوەڕ و یا ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەمو بەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکانیان لە سەروو هەمو شتێکەوەیە و هاوکاتیش هەمو بە قسە باوەڕیان بە ئازادی و دێمۆکڕاسی هەیە، ئایا پلۆڕالیزمیشیان قەبووڵە و ئایا قسەی دژی خۆیان بە سانایی وەردەگرن یا وەک وتم قینت لێ هەڵدەگرن و هەوڵ دەدەن بەد ناوت کەن بۆ ئەوەی سبەی لە کۆمەڵگا دەنگت نەبیسترێت؟**

**کەواتە پێویستە بڵێم کە پلۆڕالیزم لە کۆمەڵگای ئەمڕۆژیدا لە نانی شەو پێویستترە، بۆ ئەوەی کە ئەگەر پلۆڕالیزم حاکم بێت ئیتر نانی شەو ئاسانتر وەگیر دەکەوێت و ئاسایش و دەوڵەمەندی ئەگەر هەبێت باشتر لە ناو خەڵکدا بڵاو ئەبێتەوە و بەر بە هەژاری دەگرێت، بە تایبەت کە گلۆبالیزم یەخەی هەموو وڵاتێکی گرتۆتەوە! ئێستا ئیتر جیهان زۆر بچکۆلەترە لە جاران و لە پاڵ پێویستی ئازادی گەلاندا و لەوانە گەلی کوردستانیش کە گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی جیهانە، بەڵام هەمو جیهان بە کوردستانیشەوە بەرەو یەک نیزامی یەکسان بۆ هەمووان بە تەمایە هەنگاو هەڵبگرێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوو دەدات لە هەمو جیهان خەڵک ئاگایان لێیەتی و هەمو مرۆڤێک ئەندامێکی ئەم زەوییەیە! بەم وتانەی ئاخر بە تەمام ئەوە بڵێم کە پێویستە ئێمەش هەر چی زوتر و خێراتر هەنگاوەکانمان هەڵبگرین، واز لە بەرچاو تەنگی حیزبی و ڕێکخراوەیی بێنین و ئیتر کۆڵ بەوە هەڵنەگرین کە فڵانە کەس چی وت و چی نووسی، بەڵکو ڕێگا بدەین بە هەمو کەس قسەی دڵی خۆی بکات، ڕەخنە بگرێت، تەنانەت جنێو بدات، لە سەر هیچکام لەو شتانە کەس تاوانبار و پیاوخراپ و بەد ناو نەکەین و یا نەیخەینە بەندیخانە و نەیکوژین، بەڵکو ڕەخنەی ئاراستە بکەینەوە ئەگەر قسەکانی ناشیرین یا خۆ ناحەق بوون، بەڵام وریا بین لە ڕووی تەعەسووبەوە پاساو نەهێنینەوە و لە ڕوی تەعەسووبەوە قسە و وتەی کەس ڕەت نەکەینەوە! لە هەمو گرنگتر با قین لە کەس لەمەڕ قسەکانی هەڵنەگرین. ئەمە یانی پلۆڕالیزم و یەکتر تەحەمول کردن و بە مانای ئازادی و دێمۆکڕاسییە! ئەمە مانا و مەفهومی دێمۆکڕاسی ڕاستەقینە بە هەموان نیشان ئەدات و دێمۆکڕاسی تەنیا لە هەڵبژاردنێکدا قەتیس ناکاتەوە!**

**تێبینی: لیستە فیکسەکان لە هەڵبژاردنەکاندا و مەحفەلبازی بۆ ئەندام لە خۆ کۆکردنەوە و هەروەها پەرە پێدانی سونەتی کاریزماپەرەستیی، ڕوونترین نیشانەکانی شانۆگەری بوونی ئەو جۆرە دێمۆکڕاسییانەن و بە داخەوە ئەم سێ دیاردە لای ئێمە زۆر باون!**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## کورد بە ڕەواڵی ئێستا بڕواتە پێش، هیچکارێکیش نەکات هەر خزمەتی بە ئێرانچییەتی کردووە، بەڵام بۆ خزمەت بە کوردستانیگەریەتی پێویستە هەنگاو و ئاڵوگۆڕ و نوێگەری پێک بێنین!

دیارە مادام باسی ئێرانچییەتی دەکەم، مەبەستم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە! لە گۆڤاری ژمارە یەکدا بابەتێکی کورتم تەرخان کردبوو بەوەی کە ئەو حیزبانەی کە بەرەو ئێرانچییەتی هەڵدەکشێن، پاساو دێننەوە کە ئەوان ڕێئالیست یا واقیعگەران، هەر بۆیە گووایە لەگەڵ واقیعی مەوجود هەڵس و کەوتی سیاسی یا بە وتەی خۆیان وڵامی بە جێگای سیاسی دەدەنەوە و ڕێئال بۆ ئەوان ئێرانی بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام ئەگەر بە وردی چاو لە بابەتەکە بکەین، بۆمان دەر ئەکەوێت کە ئەوان لە ئەساسدا ڕێئالیستن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و نەک بەرژەوەندی نەتەوەکەیان و بەم جۆرە بە وانە وەرگرتن لە باشوری کوردستان، بە شوێن گەندەڵیی و میلیۆنێر بووندان و هەمو ئەمانەش تەنیا بە ناوی کوردایەتیەوە دەکەن و گووایە چاکەی گەلی کوردستانیان دەوێت و تەنیا ئەوانیش ئەزانن چاک و خراپی ئەو ڕێگایە کامەیە، بەڵام با بزانین وایە؟
وەک هەموان ئاگادارین ئێستا ئیتر ئەم جۆرە تیڕوانینە بە حیساب ڕێئالیستیە بۆتە سیاسەتی باو و چاولێکەری کردن لە یەکترین و کێبەرکێی سیاسی بۆ ئەوەی حیزبەکان لە یەکتر وەدوا نەکەون. دیارە دۆلارە ئەمریکیەکانی ساڵی پار و ساڵی پێرار و وەعدە و وەعیدەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەم سیاسەتە کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بە لوتکە گەیشتووە و ئەوەی سمێڵی بە دۆلاری ئەمریکی چەور کراوە، ئەمڕۆ بە ئاشکرا و وەک برەوەی مەیدانی سیاسی خۆی نیشان ئەدات و بە تەمایشە هەر وا بمێنێتەوە و بە داخەوە ئەمە تەنیا لایەنێکی ئەم تراژێدیا نەتەوەیەیە کە گەلی کوردستان بە هۆی ڕۆڵەکانی خۆیەوە تووشی بووە!
لایەکی دیکەی ئەم تراژێدیایە، سیاسەتی دور و درێژی پلان بۆ داندراوی ئاسیمیلاسیۆنی حکومەتە یەک بە دوا یەکە فارسیەکانی ئێرانە کە نە تەنیا خاک و وڵات و شارەکانی کوردستانیان داگیر و ئەشغاڵ کردووە و هەموو دارایی و سامانە نەوتی و گازی و زێڕ و زیوی کوردستان لە توێ دەیان ساڵی ڕابردوودا بە تاڵان دەبەن و ئاسەوارە مێژووییەکانی تاڵان و نابوود دەکەن، و نە تەنیا فۆڕمی جوگرافیایی و جیئۆپۆلیتیکی پارێزگا و شارە کوردیەکانیان گۆڕیوە، هاوکات زمانی نەتەوایەتی گەلی کوردستانیشیان تا ئەو جێگایەی کە بۆیان کراوە سڕیوەتەوە و خەڵکی کوردستانیان هەر لە سەرەتاکانی خوێندنیانەوە فێری زمانی خۆیان واتە فارسی و شیعر و ئەدەبییاتی خۆیان کردووە و ئەمڕۆکە کەم نین ئەو کوردانەی کە تەنانەت پاش ساڵانێکی زۆر پێشمەرگایەتیش، هێشتا نەیانتوانیوە زمانی زگماکی خۆیان بە باشی فێر ببن و بەشێک لەوانەیشی کە فێری زمانی خۆیان بوونە، بە داخەوە بە هۆی ئەوەی کە ئەندامی حیزبە ئێرانچییەکانن و بە پێی سیاسەتی حیزبەکەیان خۆیان بە ئێرانی دەزانن تا کوردستانی، هەر بەم پێیە بە زەروری نازانن کە بە زمانی کوردی خۆیان بدوێن و بە زمانی زگماکی خۆیان بیر بکەنەوە و ئەم جەماعەتە بە بێ ئەوەی کە ئێستا و هەنوکە نیزامی داگیرکەری فارسی زەختێکی خستبنە سەر و بە بێ ئەوەی کە خۆشیان بزانن کە چ هەڵەیەکی گەورە دەکەن، بەڵام لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێک بن کە بە قازانجیان بێت و یا تاقە فارسێکی لێبێت، ئەمان خێرا بە فارسی ئەدوێن و هەندێکیان و نەک هەموویان لە ئاست فارسەکاندا خۆیان بە کەمتر دەزانن و شەرم دەکەن بە کوردی زمانی زگماکی خۆیان بدوێن!
ئەم خاڵانەی ئەخیر ڕەنگە بۆ هەندێک کەس کە هەستیی نەتەوایەتیان کەمە یا ئەو هەستەیان نیە و ئەبەدەن بۆیان گرنگ نیە کە لە ڕابردوودا هەموو سامانی نەتەوەکەیان بە فیڕۆ چووە و دزراوە، دەیان ساڵ گەلەکەیان بە کۆیلە ڕاگیراوە، بەڵام هەم ئەو خاڵە بە حیساب لاوازانە و هەم ئەوانەی سەروتر کە باسم لێکردوون و بە تەئکید دەیان و سەدان خاڵی دیکەش کە بۆ ئەوە دەشێن کە باسیان لێوە بکرێت، هەموو ئەمانە جەوێکیی دژە کوردستانیان خوڵقاندووە کە زۆر لە کوردان بە بێ ئەوەی ئاگادار بن و تەنانەت هەندێکیان بە بێ ئەوەی بیانهەوێت، خەریکی ئێرانچیگەرین و مادام لەگەڵ ئەو ڕێئاڵە تەزویرە مەوجودەی ئێستادا، ئەوانیش بە واقیعبینی ئێستا و بە ئەقڵیەتی حیزبەکانیان هەڵس و کەوت دەکەن، بە خۆ ئاگا یا ناخۆئاگا لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی گەلی فارسدان و بە ناخۆئاگا لە دژی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەی خۆیان واتە لە دژی گەلی کوردستان هەڵس و کەوت دەکەن و وەک وترا هەندێکیان ئەمە بە بێ ئەوەی بزانن دەکەن و هەندێکیشیان دەزانن و دەیکەن، بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە لە باشووری کوردستان لە ئارادایە و وانەیان لەوان وەرگرتووە کە چۆن بتوانن دەوڵەمەند ببن و ئەمەش تەنیا بەرژەوەندی گیرفان ئەپارێزێت و لە دژی گەلەکەی خۆیانە و داهاتووش ئەمە بە باشی ئەسەلمێنێت و هەر زەمانێک کوردستان دەوڵەتی هەبێت، پێویستە لە توێی دادگایەکی نەتەوەییدا لێکۆڵینەوە لەمبوارەدا بکرێت.
هاوکات لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی سەرەوە کە لەم وتارەدا باسمکردون، هزری فیدراڵیزم بۆ ئێرانیش پێویستە لێک بدەینەوە و پاش لێکۆڵینەوە بۆمان دەر ئەکەوێت کە کورد نابێت شوێن فیدراڵی بکەوێت و ئەوە ئەبێت خەمی فارسەکان بێت کە ئێران بکەنە فیدراڵی و نەک خەمی کوردەکان! تکایە بڕواننە وتاری خوارەوە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئەی فیدراڵیزم لە خزمەت کێدایە و کێ ئەبێ سوور بێت لەسەری؟

ئێران وڵاتێکە کە دەیان و سەدان ساڵە لە ژێر حکومەتە دیکتاتۆرە یەک لەدوا یەکە فارسەکاندا بووە، دیارە کەس حاشا لەوە ناکات کە زەمانێکیش تورکەکان حکومەتییان بە دەستەوە بووە، بەڵام بە زۆریی و بە تایبەتیی لە دەیەکانی ڕابردوودا دایمە و دەرهەم بە دەست فارسەکانەوە بووە یا خۆ ئەگەر ئازەرییەکیش لە حکومەتدا هەڵکەوتبێت، بەڵام سیستەمەکە وا بووە کە هەمو ڕێگاکان بەرەو بەرژەوەندی و ئیستیبداد و هێژەمۆنی فارسەکان ڕۆیشتووە. کاتێک من ئەم شتانە باس دەکەم، بەو مانایە نین کە من، هەر بەو شێوەی جەماعەتێک بە هەڵە تێم گەیبون، لە دژی گەلی فارس یا ئازەری بم، نا شتی وانیە، من تەنیا لە مێژوویان و لەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە لە گەلەکەمیان کردووە ئەکۆڵمەوە و مادام کار لێکۆڵینەوە بێت، پێویستە کە بە ڕاشکاوانە هەموو شتێک تا ئەو جێگای خوێندومنەوە و دەیانزانم باس بکەم و هەموو ئەوانەش کە دەیان لێم هەموو ڕاستین و ڕووداویی مێژوویین! هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و زۆرەش کە گەلی دەسەڵاتداری فارس لەگەڵ ئێمەیان کردووە و دەیان و سەدان ساڵ خاکیان داگیر کردووین و ماڵ و نەوت و گاز و زێڕ و سامانە نەتەوەییەکانمان تاڵان دەکەن و بە هەزاران کەسیان لێ کووشتووین و زمانیان بڕیوین و ئاسەوارەکانیان ون کردووین و سەدان کارەساتی دیکەش کە لە دژی ئێمەی کورد کردوویانە، بە پشت بەستن بەوانە ئەگەر من ڕقم لێشیان بێت زۆر ئاساییە و من تاوانبار نیم کە ڕقم لێیانە بەڵکو ئەوە ڕابردووی خۆیانە کە وا لە من و لە گەلەکەم دەکەن کە ڕقمان لێیان بێت، بەڵام وەک وتم بەو حاڵەش هێشتا دڵی ئێمەی کورد گەورەتر و ئاوەڵەترە و هێشتا ئێمە مرۆڤدۆستانەتر و ئینسانیتر بیردەکەینەوە لە چاو دڕندایەتیی ئەواندا!

کەواتە کارنامەی دەسەڵاتدارانی فارسی لە ئێرانی کۆنەوە تا ئێستا لە دژی گەلانی غەیرە فارسی ناو جوگڕافیای ئێران بە گشتیی و گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتیی، زۆر کارنامەیەکی تاریک و دزێوو و ناشیرینە. پێویست ناکات کە من هەمدیسان دانە بە دانە لەو کارەساتانە بدوێم و باسیان لێوە بکەمەوە، بەڵام تەنیا بۆ وەبیر هێنانەوە ئەوەندە باس دەکەم کە بێجگە لەو جەو و فەزا ئەمنیەتیی و نیزامییەی کە لە کوردستان دەیان ساڵە چ لە کاتی محەمەد شا و ڕەزاشاوە و چ لە کاتی کۆماری ئیسلامیدا دایانمەزراندووە و لاوان و خەڵکی کورد بە کەمترین بەهانە و بێ لێپرسینەوە ئەکوژن و هەڵیدەواسن، هاوکات سەیرێکی شارە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی بندەستی ئێران بکەن و ئابووری وێرانی ئەو شارە کوردیانە، کاولبوونی شارەکان، قووڕ و تەپ و تۆزی شارەکان، بێ کار و کارگا و کارخانە بوونی شارەکان، هەژاری و بێکاری زیادە لە حەدی لاوان و باوکانی بنەماڵەی چەند منداڵی لە کوردستان، 60% بێکاری، بڵاو بوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان و ئیعتیاد، و زۆر شتی دیکە کە هەموویان ڕون و بەر چاون، لە کوردستان بێداد ئەکەن و هەر ئەمانەش لاوان و باوکانی بنەماڵەکانیان مەجبور بە کۆچبەری بۆ شارە گەورە خۆش و کەرەستەسازیە (صنعتی) فارس و ئازەریەکان دەکەن. لە حاڵێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی نەوت و گاز و زێڕ و بەرد و ئاهەک و هەموو شتێکی هەیە، بەڵام دەوڵەتی داگیرکەر تەنیا بە تاڵانیان ئەبات و ساڵانە سەدان میلیارد دۆلار پوڵ و سامانی ئەو نەتەوە تاڵان دەکەن و دەیڕێژنە حیساباتی خۆیان و خەزێنەی دەوڵەتە فاشیستەکەیان و گەلی کوردستانیش لە هەژاری و نەداری و قوڕبەسەریدا دەژین و تەنانەت پووڵی سامانەکانی گەلی کوردستان دەدەنە چەک و هیزە نیزامیەکانیان و بە پووڵی خۆیان سەرکوتیان دەکەن!!

کاتێک کارنامەی ئەو نیزامە دەسەڵاتدارە هێندە ناشیرین و فاشیستییە، گەلی کوردستان ئیتر بەسیانە و پێویستییان بە هەڵمژینی هەوای ئازادی و سەربەخۆیی هەیە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە بۆخۆی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بگرێت و بۆخۆی سامانە سروشتیەکانی خۆی و دەغڵ و دانی خۆی بفرۆشێت و بۆخۆی وڵاتی خۆی و شارەکانی خۆی ئاوەدان بکاتەوە. گەلی کوردستان تەنیا بۆخۆی ئەتوانێت بەر بە بێکاری لاوان بگرێت، کارگا و کارخانە و مزرا دروست بکات. گەلی کوردستان پێویستیان بە هێزی نیزامی سەرکووتکەر بە سەر خۆیان و بە سەر ئاساییترین و خوسوسیترین نیازەکانیانەوە نیە. گەلی کوردستان ئازادییان ئەوێت، ئازادی قسە کردن، ڕادەربڕین، هەڵبژاردن و دەنگدان و دەنگ نەدان، ئایین و یا بێ ئایینیانی. گەلی کوردستان شایانی ژیانێکی ئاسودەتر، بەختەوەرانەتر، خۆشگوزەرانتر و سەربەخۆیانەترن.

کەواتە ئەمە ڕێگایەکە کە گەلی کوردستان و هەموو حیزبە سیاسیەکانی بە تێکڕا ئەبێت هەوڵی بۆ بدەن و کاری بۆ بکەن و بۆی تێبکۆشن و هەر حیزبێک بە کەمتر لەمە ڕازی بێت، حورمەتی گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدانی ڕانەگرتووە!

بەڵام کە باسی فیدراڵیزم لە ئێران ئەکرێت، ئەوە ئیتر کار و ئەرکی حیزبە کوردیەکان نیە کە ببنە بڵیندگۆ و موبەلیغی فیدراڵیزم، بەڵکو ئەوە فارسەکانن کە ئەبێت هەموو حەولیان ئەوە بێت کە ئێران پاش ڕوخانی کۆماری ئیسلامی بەرەو فیدراڵی هەنگاو هەڵبێنێت. بۆ ئەوەی کە هەر وەک لە سەرووترەوە باسم کرد، فارسەکان ڕابردوویەکی ناشیرینی سیاسییان لە خۆیان بە جێ هێشتووە و ئەوە وای کردووە کە گەلە غەیرە فارسەکان بە کوردیشەوە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرن. فارسەکان بۆ ئەوەی کە ئێران ڕابگرن و مەحفوزی بکەن لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دارمان و لەت و پەت بوون، پێویستە کە داوا لە هەمو گەلە غەیرە فارسەکان بکەن بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا هەموان بە یەکسان پێکەوە بژین و هەموو پێکەوە حکومەتێکی فیدراڵی پێک بێنن و داوای لێبوردن لە هەمووان بکەن و ماتڵی ئەوە بن کە داواکەیان لێ قەبووڵ بکرێت. کەواتە ئەوە ئەرکی کورد نیە کە حەول بۆ فیدراڵی و ئێرانیچیەتی بدات، بۆ ئەوەی کە جەو و فەزاکە، هەر بۆخۆی بە شێوەی سیستماتیک بەرەو ئەوە دەچێت، بۆیە ئەرکی گەلی کوردستان و حیزبە سیاسیەکانی ئەوەیە کە داخوازیەکانی خۆیان قورس و قایم بگرن، سەنگین لەگەڵ وەزعەکە هەڵس و کەوت بکەن، خۆیان بە کەم نەزانن، بۆ ئەوەی مێژوویەکی دور و درێژی خەباتیان لە پشتە و زۆر سووک و سەلیمانەیە ئەگەر حیزبە کوردیەکان هەر وا بە ئاسانی شوێن دروشمی فیدڕالیزم بکەون و هاوکات شورەییتر ئەوەیە کە حیزبە کوردیەکان خۆ بە خۆ و بە بێ ئەوەی کە بانگهێشت کرابن، ببنە بڵیندگۆی فیدڕالیزم و شەو و ڕۆژ لە تلویزیۆنەکانیان تەبلیغات بۆ فیدراڵی بکەن. قسەی کۆتایی من ئەوەیە کە گەلی کوردستان پێویستە کە شوێن دروشمەکانی کۆماری کوردستانی ساڵەکانی 1946 و 1947 بکەون و بە دەوڵەتی کۆماری کوردستانی دیمۆکراتیک کەمتر ڕەزایەت نەدەن و هەموو هێز و توان و تەبلیغات و تلویزیۆنیان بۆ ئەو دروشمە و بۆ ئەو ڕێگایە تەرخان بکەن و لە پاڵ ئەوەدا هەوڵ بۆ پێکەوە کارکردن تا پێک هێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بدەن و سەری خۆیان و ئەندامەکانیان و گەلەکەیان ئا بەم شتانەوە خەریک کەن، کە ئەمەیان کرد خۆیان زۆر قورس و قایم گرتووە و ئەوجار کارتی بەرەندەیان بە دەستەوەیە. دیارە ئەوەی لە سیاسەتدا کارتی بەرەندەی بە دەستەوە بێت ئیتر ئەتوانێت زۆرترین قازانج بۆ گەلەکەی بە دەست بێنێت و کە هەموو دواتر ڕەزایەتیشیاندا بە فیدراڵی، ئەوجار وەزنی کورد لەوێش قورستر دەبێت و دایمە گەلی باڵادەست مەترسی ئەوەی لە دڵدا دەبێت کە ئەگەر هەڵە بکەن و دووبارە حەولی زۆڵیەتی و کڵاو سەر خستن، هەر وەک هەمیشە لە سیاسەتدا پشتیان پێ بەستووە، بدەن، ئەوا کوردەکان جیادەبەوە و داوای سەربەخۆیی دەکەن. هەر بۆیە کە کورد خۆی قورس گرت، ئەوانیش مولزەم دەبن بەوەی کە حورمەت و ئیحتیڕامی گەلی کوردستان بگرن و خۆشیان هەر چاوەڕێی ئەوەندە حورمەتە لە لایەن کوردەوە بن، نە زیاتر و نە کەمتر!!

کەواتە داوام لە پێش هەموو کەسدا لە گەلی کوردستان و ئەوجار لە حیزبە سیاسیەکان، بە تایبەت ئەندامەکانیان ئەوەیە کە وریای سیاسەتی ئەم دەورەیە بن، ئەم دەورە، دەورەیەکی زۆر چارەنووس سازە و گەلی کوردستان تەنیا لەوەدا قازانج دەکات کە سی و یەک ساڵ خەبات و شۆڕشە لە پسان نەهاتووەکەی و هەروەها دەیان و سەدان ساڵ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەی لە ڕابردوودا بە هەرزان و بە مفت نەدۆڕێنێت. ئەوە دەسمایە و دەستکەوتی خوێنی هەزاران شەهیدی کوردستانە، با بە ئاسانی و بە خۆڕایی بە فیڕۆیان نەدەین و با مافی ڕەوای گەلەکەمان، کە مافێکی ڕەوا و بەر حەقە هەرزان فرۆش نەکەین و با بە ئاسانیی نەچینە ژێر دروشمی فیدڕاڵی و نەبینە بڵیندگۆیان، بەڵکو زۆر بە سەنگینی و زانایی لەگەڵ ئەو نیازە گرنگەی پان ئێرانیستەکان بجوڵێینەوە و بە قورسی لەگەڵیان هەڵس و کەوت بکەین!! بێشک تەنیا لەم حاڵەتەدا گەورەترین دەستکەوت بۆ گەلەکەمان مسووگەر دەکەین و غەیری ئەمە بکەین، وڵامی خوێنی هەزاران شەهیدانی کورد و کوردستانمان نەداوەتەوە!! بەڵام لەویش گرنگتر، کار کردنە هەر لە ئێستاوە بۆ سەربەخۆیی، هەر وەک هەمیشە وتوومە! فارسەکان خۆیان دەڵێن،"بە فکر نان باش کە خربزە آب است" منیش ئەڵێم لە فکری سەربەخۆیدا بین، چوونکو فیدراڵی ئاوە و سکی گەل بە ئاو تێر نابێت!! بژین بۆ ئازادی و سەربەخۆیی!

## کاراکتەرە شازەکان لە کولتور و کەلەپورە نوێخوازەکاندا

کەم نین لە ناو مرۆڤاندا ئەو مرۆڤانەی کە یەک کەسن بەڵام سێ کاراکتەریان هەیە! هەندێک جار کاراکتەرەکان زیاتریشن، بەڵام لەم حاڵەتەی دووهەمدا ئیتر ئەو مرۆڤە هەندێک لە حاڵەتە ئاساییەکەی دەر چووە و دەبێت زۆر پڕ وزە و موسەلەت بێت بە سەر خۆی و کاراکتەرەکانیدا کە لە کۆنترۆڵی خۆی دەرنەچن، ئەگینا خراپ بە سەریدا ئەشکێتەوە! کە کاراکتەرەکان لە سێ بە دەر بوون و لە کۆنترۆڵدا بوون، ئەوا لە فەرهەنگی نوێدا دەبێتە کەسایەتییەکی زۆر شاز و نایاب، بەڵام ئەگەر نەتوانێت کاراکتەرەکان کۆنترۆڵ بکات ئەوا لە کولتور یا زمانی عەوامدا پێی ئەڵێن کە شێتە یا شێت بووە، بەڵام لە کولتور و زمانی هەندێک پێگەیشتووتر و مۆدێرنتردا یا با بڵێین ئەمرۆییتردا پێی دەڵێن کە نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەری ڕەوانی هەیە. ئەم نەخۆشە کەسێکە کە ئیتر کاراکتەرەکانی ناو خۆی لە کۆنترۆڵ دەر چوون و هەر کاراکتەرەو سەربەخۆ و بە بێ ملمانێی ئەوانیتر کار و ڕەفتار دەکات. کەواتە هەمو مرۆڤێکی ساخ لانیزۆر سێ کاراکتەری هەیە کە لە کۆنترۆڵی خۆیدان. هەندێکجار و لە کەسانێکدا تاقە یەک کاراکتەری وشک و ڕەق و چەقبەستوو ئەبینرێت کە لە کولتوری کۆن و دواکەوتوودا ئەمەیان زۆر لا پەسەندە، بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە لە کاتی منداڵی یا لاویەتیدا بوو بە هەر شتێک، ئەوا تا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو ڕۆژەی گلۆپی ژیانی ئەکوژێتەوە هەر ئەو کەسەیە و هیچ نەگۆڕاوە و تەنیا ئەزموونەکانی زیادیان کردووە! کە بوو بە موسوڵمان یا نەخێر بو بە کومونیست یا بودایی و جولەکە و هیدیکە، ئەوا ئیتر تا ئەو ڕۆژەی کە ئەمرێت هەر موسوڵمانە یا کومونیستە و یا جولەکە و بوودابیە! لە فەرهەنگی کوردەواری خۆماندا پاش مردنی ئەم کەسانە پێیان دەڵێن ڕەحمەت لە گۆڕی بەخوا برا پیاوی چاک بوو، یا ژنی چاک بوو، زۆر بە ئیمان بوو، ئیمانی زۆر پتەو بوو، خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات. کومونیستەکان ئەڵێن هاوڕێیەکی زۆر پۆڵایین و کومونیست بوو، ڕێبەرێکی زۆر بە توانا بوو و هیدیکە!!

لە کولتوری نوێ و تازەگەردا بە وەها کاراکتەرێک کە لە کولتورە شەرقیەکاندا بۆ نمونە زۆر پەسەندە، لای ئەوان پێی دەکوترێت کاراکتەری ویشک و فونداMێنتاڵ، چونکو نەگۆڕ و غەیری قابیلی نوێ بوونەوەیە. بەڵام لە کولتورە نوێکاندا ئەو مرۆڤە شازە، کە خاوەنی هەر سێ کاراکتەرەکەی خۆی بێت و لە هەر سێ یان کەڵک وەر بگرێت! ئەمان پێیان وایە کە ئەو مرۆڤەی کە هەر سێ کاراکتەرەکەی چالاکن، مرۆڤێکە کە ئەتوانێت لەگەڵ هەمو زروفێکدا بسازێت و بە قەولی خۆیان فلێکسیبلە و کاراکتەرێکی بێتاقەتکەر و هیلاککەر نیە، بەڵکو ئەوانی دەور و بەری چێژی لێ وەرئەگرن کاتێک لەگەڵی ئەبن و حەز بە لەگەڵ بوونی دەکەن. لە کاتی شادی و خۆشیدا ئەو گوڵی ناو سەبەتە و لە کاتی کار و کۆششدا هەر وایە و لە کاتی ناخۆشیشدا ئەو هەر لەگەڵە و لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەکانیشدا ئەسازێت و حەول ئەدات لە هەر ئایین و مەسلەکێک، ئەوەی چاک بێت لێی برنێت و بۆ هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێت! ئەڵبەت لێرەدا ئەبێت ئەم ڕوونکردنەوە بدەم کە سیاسەتمەدارەکان کە لەمەڕ بەرژەوەندییەکانیان خۆیان و هزر و فیکر و هەمو شتێکیان ئەگۆڕن، ناکەونە ئەم دەستەبەندی و کاتێگۆرییەوە، چوونکو ئەوان بە پێی بەرژەوەندی و لە ڕوی تموحێکەوە ئەگۆڕێن یا خۆیان ئەگۆڕن، ئەمرۆ کومونیستی چوار ئاتەشەن، چوونکو بەو شێوە جێگای خۆیان دەکەنەوە، سبەینێ دەبنە نەتەوە پەرەست چونکو ئەمجارە لەمەیان نان دەخۆن و چوار ڕۆژیتر دەبنە لیبراڵ دیمۆکرات، چونکو پێی دەبنە سەرۆککۆمار!! جیاوازیەکە لەوەدایە کە سیاسەتمەدارەکە تەنیا بە پێی بەرژەوەندییەکە و بۆ تموحەکانی خۆی ئەگۆڕێت، بەڵام مرۆڤە نوێخوازە شازەکە کە لە کولتوری نوێخوازدا پەسەندە، ئەگۆڕێت بۆ ئەوەی زیندوو بێت و بەو شێوە مرۆڤێکی زیندوو و سەری حاڵە، بۆ ئەوەی ژیان هەمە ڕەنگە و ڕەنگەکانیش جوانن و ئەویش ئەیەوێت لەگەڵ ئەو جوانییانە بێت و لە ناو جوانیەکانیشدا ئەو گەڵێکجار گوڵچینی خۆی دەکات. بۆ نمونە لە هەر ئایینە و چەند شتێکی باش وەرئەگرێت، لەهەر ئایدیۆلۆژییەک گوڵێک ئەچنێت و لەهەر کاراکتەرێک شتێک بۆ خۆی ئەپچڕێت و لە ئاکامدا خۆی کردۆتە گوڵی ناو سەبەتە! ئەمە لە ڕۆژئاوا زۆر شازە!! لە لای ئێمە بەڵام هێشتا جێ نەکەوتووە و هەندێک کەسیش تەحەمولی ناتوانن بکەن و خۆشیان لێی نایات و لە هەر کوێ قسەیەک بکات، خۆ بە خۆ لە ئاستیدا ئەوەستن و بە چاوێکی خراپ سەیری دەکەن، لە حاڵێکدا خەتای ئەم نیە کە نوێخوازە، بەڵکو کێشەکە لە لایەنی بەرانبەرەوەیە کە کۆنەپەرەستە و تەحەمولی نوێخوازی ناکات!

## ئێمەی لاشە خۆر، حەیوان ئەکوژین و ئەیخۆین و شەڕی چۆن کوشتنەکەی دەکەین!!!

لە میگرۆس و لە کۆپ کە دوو دانە پاساژی زلهێزی فرۆشتنی خواردەمەنی و کەل و پەل و پێداویستیەکانی ناوماڵن و لە هەمو سویس و زۆر وڵاتی ئوروپایش بوونیان هەیە و هەر چییەکیان لێ بکرێت، لە خواردنەوە بۆ ئەلەکترۆنیک و هیدیکە، هەمو زەمانەتیان هەیە و تەنانەت کەل و پەلەکان چ ئەلەکترۆنیک و چ هیدیکە هەمو دوو ساڵ گەرەنتیان پێوەیە و لای ئەوان لە پێچ و تەل و بزمارەوە بگرە تا ماسی و قەل و کەروێشک، لە ڕەنگی دیوارەوە بگرە تا بلۆک و خشت و ئاجور، لە فەرشەوە بگرە تا قیری سەربان و بە کورتی و بە کوردی تەنانەت هێلکەی مێروو و سەری ماریشیان هەیە و شتەکانیان جێگای باوەڕن، بەڵام من جارێکیان بڕیارم دا ئیتر گۆشتیان لێ نەکرم و ئیتر گۆشت بەس لە خاریجییەکان بکرم، نازانم بۆ کەوتمە سەر ئەو سەما و بیرۆکەیە، بەڵام خۆبەخۆ ئەو بیرە هات و شوێنی کەوتم. دیارە پێشتر لە هەر کوێ بوم گونجابا گۆشتم ئەکڕی. بۆ ئاگاداریتان و ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان ئەژین ئەزانن کە لەو جۆرە پاساژ دووکانانە گۆشتەکانیان هەم سەلامەتن و هەمیش هێندە بە جوانی دیخەنە بەر چاوی کریار کە مرۆڤ حەز دەکات لێیان بکرێت. لە حەیواندا گۆشتەکان هێند بە جوانی جیا دەکەنەوە کە گۆشتی خۆرشت و برژاندن و ماهیچە و پەراسوو و مل و ئیتر هەمو بە جوانی داندراون و هەمو کەسیش ئەزانێت کە گۆشتی لای ئەوان کۆنترۆڵی باشی دایرەی سەلامەتیان بە سەرەوەیە و خۆشیان بۆ ئیعتیباری جیهانی دووکانەکەیان شتی خراپ بە کەس نافرۆشن. بەڵام بڕیار بوو دابووم و ڕەنگە کارتێکەریە خێزانیەکان وای لێ کردبم! ڕۆژێک چوومە لای قەسابێکی کورد و داوای دوو جۆر گۆشتی ناسک و تازە و جوانم لێ کرد، یەکیان بەرخ و یەکیان گوێلک، ئەو گۆشتەی کە لە هەموان جوانتر و ناسکتر و تازەتر دیار بوو داوای نرخێکی زۆری لێ دەکرد. وتم کاکە چۆن شتی وا دەبێت هەر لە خوار تۆوە لە میگرۆس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەو گۆشتەی تۆ بە هەرزانتر دەدات و مارک و مۆمی دایرەی سەلامەتی سویسیشی پێوەیە و هەمو کەس ئەزانێت کە ئەو گۆشتە نەخۆش نیە، ئەوەی تۆ ئەو زەمانەتانەیشی نیە. لە پڕ دەنگی لێ بەرز بووەوە و وتی کاکە ئەوانەی ئەوان هیچیان حەلاڵ نین و هەر هەموویان حەرامن، ئەمن بە خۆڕایش نایانخۆم! منیش لە دەمم هاتە دەر و وتم کاکە کێشە نیە، گۆشتی حەرامم بدەرێ و هەندێک تازە و ناسک بێت، کابرای کوردی دووکاندار کە هەمیشە شتم لێ دەکرێ بە بێ بیر لێ کردنەوە و بە توڕەییەوە وتی کاکە گۆشت لەوان بکڕە و ئیتر مەیە بۆ ئێرە، چوونکو تۆ گۆشتی حەرام دەخۆی، لەوانەیە گۆشتی بەرازیش بخۆیت! من تێ نەگەیشتم شتی وا چۆن ئەتوانێت لە ئوروپا و لە ناو ئەو فەرهەنگە مەسیحی و ئاوەڵەدا بژی و دووکانداریش بکات؟!

ئەو ڕۆژە گۆشتم پێ نەکڕدرا و کاتم نەما و دامنا بۆ ڕۆژێکیتر و هاوکات بیرم لە تاقی کردنەوەیەکیش کردەوە و ویستم بزانم کە ئایا دووکاندارە کوردەکە کە هێندە حەلاڵ و حەرام لە مێشکیدایە، نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکەش ئەو تەعەسوبەیان هەیە؟ ئاخر مرۆڤ کە هزری بە شتێکەوە چەقی بەست ئیتر هێند ڕاستیەکانی لە بیر ئەچێتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە کە زیندەوەرێک دەکوژێت و لاشەکەی دەخوات، بەڵام بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو قەتڵە چۆن کراوە، ئایا لە کاتی کوشتنیدا بیسمیلای بە سەردا خوێندراوە و بە زیندوویی سەریان بڕیوە، یا وەک لە ئوروپا باوە و هەمو ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و ئاژەڵدۆستەکانیش لە گەڵیدا هاوڕان و زۆر "ئینسانیترە!!"، پێشتر حەیوانەکەیان بێهۆش کردووە، یا کوشتوویانە و ئەوجار سەریان بڕیوە؟ لای قەسابە کوردەکە بیسمیلاکە و بە زیندوویی کوشتنەکە زۆر گرنگ بوو و تەنانەت باوەڕ ویشکەکەی خۆی لە لەدەست دانیی موشتەرییەک و بە دڵنیاییەوە زۆر موشتەری دیکەی وەک منیش لە لا گرنگتر بوو.

بۆ ئەو تاقیکاریە ڕۆژێکم تەرخان کرد و ئەڵبەت ئەمجارەیان نەک بۆ گۆشت کڕین بەڵکو تەنیا بۆ تاقیکردنەوە. یەکەم جار چوومە لای قەسابێکی تورکی تورکیە، کە لە سەر شیشەکەی نووسیبووی گۆشتی حەلاڵمان هەیە (halal Eti vardir) چوومە ژوور و دیم کە ناو و نرخی گۆشتەکانی نووسیبو کە کامە گایە و کامە گوێلکە و کامە سەرشانە و کامە چیە. کە سەیری ویترینەکەم ئەکرد، کچێکی جوانی لەچک لەسەر هات و وتی کاکە شتێکتان پێویستە، ئەتوانم یارمەتیتان بدەم؟ (بی شەی ئیستەرسنس ئەفەندم، سیزین یاردیمەدن بیلەرم؟) ئەو پێی وابوو منیش وەک خۆی تورکم و منیش بەو تۆزە تورکیەی خۆم پرسیم کە ئایا ئەو گۆشتانە هەموویان حەلاڵن؟ خێرا وڵامی دامەوە کە بەڵێ ئەفەندم هەموویان حەلاڵن. ئەوجار پرسیارم کرد کە ئایا گۆشتی بەرازیشتان لایە؟ خێرا وتی بەڵێ ئەفەندم، بۆ موشتەریە غەیرە موسوڵمانەکانمان هەمانە و لە ناو ساردخانەکەدایە، ئەگەر پێتان خۆشە چاوی لێ بکەن نیشانتانی ئەدەم، خێرا وتم بەڵێ حەز ئەکەم بیان بینم! بردمی بۆ ساردخانە و دیم لاشە گۆشتەکان هەموویان هەڵواسراون، دەستی بۆ دووان ڕاکێشا و وتی ئەوانە بەرازن ئەفەندم، کامیانت پێ باشە بۆت داگرم؟ بە پێکەنینەوە وتم بەڕاستی ئەوە بەرازە؟ هیچ مۆرکێکی پێوە نیە و لە گوێلک ئەچێت، وتی نا ئەفەندم بەرازە! منیش کە بۆ کڕین نەچووبوم لێی گەڕام و وام خۆ نیشاندا کە دڵم لێێ گۆڕاوە و وتم کێشە نیە دەی جارێکیتر دێمەوە و ماڵئاواییم لێی کرد و ڕۆیشتم! (پێکی، باشکا بی زەمان گەلەجەم، قوسورە باخمەیین، ئیی گوونلەر) و ئیتر چوومە دەر!

هەر ئەو ڕۆژە گەڕام تا دووکانێکی عەرەبم پەیدا کرد کە گۆشتی کاڵ و کەباب و فەلافەل و کووس کووسیشی هەبوو، چوومە ژوورەوە و سەیری گۆشتەکانم ئەکرد. پیاوێکی سک زلی گۆشتخۆری عەرەب لە کەبابخانەکە کە سەر بە دووکانەکە بوو هاتە دەر و ئەو زانی کە من عەرەب نیم و هەر بە ئاڵمانی بە خێرهاتنی کردم، بەڵام هیچی نەووت، ماتڵ مابوو تا بزانێت من بە دووا چیدا ئەگەڕێم. دیارە پێش ئەوەی لە بیرم بچێت، ئەمیش هەر لە سەر شیشەی دووکانەکەی ڕوو بە دەرەوە بە عەرەبیی نووسیبوی گۆشتی حەلاڵ هەیە (لحم حلال موجود)! گۆشتەکانی ئەم زۆر ڕێک و پێک دانەندرابوون و دیار بوو بە کەیفی خۆی نرخ و شتی پێ دەوتی و تۆش ئەتتوانی نرخی پێ داشکێنیت یا لەگەڵی بسازێیت، بەڵام نە من لە ژیانی ئاساییمدا و بۆ چەند کیلۆ گۆشت ئەهلی مەعامەلە و چەنە لێدانم و نە ئەو ڕۆژەش بە تەما بووم گۆشت بکڕم، بۆیە هەر وا پرسیارم کرد لەو گۆشتەی کە لەو لاوەترەوە بوو و لە هی گوێلک ئەچوو و گۆشتێکی خراپیش نەبوو، پرسیم ئەرێ ئەوە کیلۆی بە چەندە؟ دیارە نرخەکەی نیزیک ئەوانی تر بوو، بەڵام من پرسیم کە ئایا حەرامە یا حەلاڵە؟ خێرا بە پێکەنینەوە وتیی تەبعەن حەلاڵە و ئێمە گۆشتیی حەراممان نیە. پرسیم ئەی گۆشتی بەرازتان هەیە؟ وتی نا برادەر، بەراز حەرامە و ئێمە نای فرۆشین. پرسیارم لێ کرد کە ئایا کەبابەکەتان لە کام گۆشتە دروست ئەکەن، وتی گۆشتی بەرخی حەلاڵە، بە گشتی پیاوێکی ڕوو خۆش بوو و هیچ عاجز نەدەبوو لەوەی کە من پرسیارم لێی دەکرد، هیچ نەبێت ئەو دووکاندار بوو و بیری لەوە ئەکردەوە کە من شتی لێ بکڕم و جارێکی دیکەش بچمەوە لای و هەر بۆیە بە تەما نەبوو وەک کوردەکە خێرا دەرم کات!

بیرم کردەوە کە جیاوازی ئەو کابرا کوردە و ئەم عەرەبە و هەردوویان لەگەڵ تورکەکە چەندەیە؟ کوردەکە بە دڵ و بە گیان بۆتە موسوڵمان و لە پای ئایینەکەیدا موشتەریەکانی بۆ گرنگ نیە و عەرەبەکە کە خۆیان خاوەنی ئیسلامن و فەرهەنگی خۆیانە، چەند بە ڕوخۆشی وڵامی دامەوە و پێشی ناخۆش نەبوو کە من پرسیاری گۆشتی بە ئیستیلاح حەرام یا بەرازم لێی کرد و تەنیا وتی ئێمە نیمانە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوجار تورکەکە کە چەند سەد ساڵ خەلیفەی موسوڵمانەکانیان لە سەردەمی عوسمانیەکان دەکرد، گۆشتی حەرامیشی هەبوو و لە پاڵ ئەوانیتر دایناوبوو و گرنگی دەدا بە موشتەری تا ئایین و سوونەت. کورد لێرەش کاسەی داغتر لە ئاشن!

هەمو ئەمانە بە جێی خۆی، ئایا هەرگیز بیرمان لە کوشتنی حەیوانێک بە شێوەی بێ بەزەییانەی سەر بڕین بە زیندوویی و خواردنی لاشەکەی کردۆتەوە و ئایا بیرمان لەوە کردۆتەوە کە لە وڵاتە غەیرە ئیسلامیەکان، هەر حەیوان یا باڵندەیەک کە ئامادە دەکەن بۆ فرۆشتن، پێش سەر بڕینی، بێهۆشی دەکەن یا دەیکوژن جا سەری لێدەکەنەوە، بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا بەوە دەڵێن مناردەوە بوو و گۆشتی حەرام! دیارە ئەو گۆشتەش کە ڕاو دەکرێت هەر حەرامە! بەڵام هەموومان بە کورد و ئیسلامی و ئورووپایی و هیدیکە، کە گۆشت ئەخۆین، لاشە دەخۆین و ئەی ئەگەر گۆشت نەخۆین، چی بخۆین؟ ئایا بەوەندە خواردەمەنیە غەیرە گۆشتییانە، مرۆڤایەتی ئەوەندەی دیکە تووشی برسیەتی نابێتەوە؟ کەواتە جارێکە ڕێگایەکی دیکە لە بەر دەستدا نیە، بێجگە لە لاشە خواردن!!!

## 10ی ڕەشەمەی 2709

## 01ی مارسی 2010

# کۆتایی "ژمارە سێ و ئەخیر ژمارەی" سەربەخۆترین گۆڤاری جیهان، زامەکانی بێ دایکی، دایکی نیشتیمان!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com